# چاوەڕوانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چاوەڕوانی

وەرگێڕانی:

تاهیر عوسمان



کتێب: چاوەڕوانی - چیرۆک
وەرگێڕانی: تاهیر عوسمان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٥٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# بەرایی

ئەو کۆمەڵە چیرۆکە وەرگێڕدراوەی بەر دەستت بەری قەڵەمی چەند ناوێکی دیاری هونەری چیرۆک نووسی عەرەبی هاوچەرخە. ڕەنگە چیرۆک نووسەکان لە ڕووی تەمەن و قۆناغی نووسین و زۆری بڵاو کردنەوەو ناوبانگ لە یەکتری جیابن بەڵام هەریەکەیان بەجیا جێ دەستی لەو هونەرە بەرزەدا دیارەو خاوەن ئەزموون و شێوازی تایبەتی خۆیەتی و مۆرکێکی تایبەتی بەچیرۆکەکانیەوە دیارە کۆ کردنەوەشیان لەو کۆ چیرۆکەدا وەکو چەپکە گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگە چونکە هەر چیرۆکە و گوزارشت لەو توانا و لێهاتووییە دەکات کە خاوەنەکەی پێی گەیشتووە و تەرمۆمەتری سوار چاکی و سەرکەوتنی نووسەرەکەیە. بەو ئومێدەی بەو چەند چیرۆکە هەڵبژاردەیە خزمەتێکمان بەکتێبخانەی کوردی و چیرۆک نووسە بەسەلیقەکانی خۆمان بەتایبەتی گەیاندبێ و بشبێتە سەرەتایەک بۆ وەرگێڕانی کورتە چیرۆکی عەرەبی و کۆکردنەوەی لە شێوەی کتێبدا کە دیارە ئێمەی کورد زیاتر ئەدەبیاتی بیانی لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕین و کەم بەلای ئەدەبیاتی عەرەبی هاوچەرخ و بەتایبەتی چیرۆکی عەرەبیدا دەچین...

وەرگێڕ

٢٠٠٦/١٠/٢٠ – هەولێر

# چاوەڕوانی

بەدیعە ئەمین

ڕووداوەکە ئەوەندە سەیر بوو، دەوڵەمەندترین خەیاڵ لە توانایدا نەبوو وێنەیەکی دەقاو دەقی ئەو بێنێتە بەرچاو یاخود مافی خۆی پێ بدا و گوزارشتی لێ بکا. تەنانەت ئەگەر تواناى هەڵفڕینی بۆ ئەو جیهانە عاجباتیانە هەبێ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی سەر زەویمانەوە نییە، ئەگەر بمانەوێ بەڕاستگۆیی باسی بکەین دەبێ هەقایەتەکە هەر لە سەرەتاوە بگێڕینەوە، کە هیچ لە ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان جیا نەدەکرایەوە تەنانەت هیچ تایبەتمەندییەکی نەبوو ، تاوەکو بایەخێکی کەمیشی پێ بدرێ، کە ناکرێ دوور لە خەسڵەتەکانی خۆی باسی بکەین ئەویش تا سەر



ئێسقان واقیعی بوو، دەکەواتە ڕێگامان بدەن با بەتەواوی لە نووکەوە بیگێڕینەوە، گەرما بەپێستەوە دەنووسا، بێگومان نە دەبینرا، بەڵام هەستیان پێی دەکرد، هەر چەندە تێبینییەکی سەرنج ڕاکێش هەیە دەبێ بیخەینە هزری خۆمانەوە، کە لەوانەیە ڕاست نەبێ بڵێین هەستیان پێ دەکرد، هەر چەندە ئەوە لەگەڵ حاڵەتێکی وادا دەگونجێ، بەڵکو ڕاستتر وایە و لەواقیعی حاڵ نزیکترە ئەگەر بڵێین هەستیان بەبوونی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوە بەباش دەزانین کە ناشێ بەشێوەیەک باسی گەرما بکەین و بەو مانایە لێی بدوێین (هەست بەبوونی دەکەن)!

چونکە گەرماکە هیچ ڕەهەندێکی ماددی نەبوو، ئەو تایبەتمەندییەی پێ ببەخشێ (هەبێ). وەکو هەر بوونەوەرێک لە بوونەوەرە ماددییەکان، جا گیانلەبەر بێ، یا ڕووەک، یاخود مرۆڤ لەگەڵ گشت ئەوانەشدا مرۆڤ خەریکە وەکو بوونەوەرێکی زەبەللاح بەهەردوو چاوی خۆی دەیبینێ، کە بەبێ ڕکابەر باڵ بەسەر کەشی هۆڵەکەدا دەکێشێ، پەلاماری لووتەکان دەداو دووچاری وشک بوونیان دەکا، هەناسە وەرگرتن و دانەوە ئەستەم دەکا. تاخنکان خۆی بەسەر ملەکاندا دادەگرێ، پێڵووی چاوەکان دەسووتێنێ. لێوەکان وەکو خاکێک لێ دەکا، کە وشکایی شەقارشەقاری کردبێ. ئاگراوی و زۆر قورس دیار بوو، تەنانەت لینج دەردەکەوت، وەکو ماددەیەکی چرێشی هەر کە بەر پێست کەوت، کونەکانی لەشی دادەخست، بۆن بۆگەنییەک لە ژوورەوە هەڵی کرد، ئارەقە لەو لاشانە دەتکایەوە، کە زۆری چاوەڕوان کردن و ئەو هیچییەی کە ئەنجامی نادەن ماندووی کردبوون. دەستە سڕەکان بۆ نێو چەوان و ڕوومەت و چەناگەکان بەرز دەکرانەوە، هەندێکیان

ڕەنگاو ڕەنگ وە بەشێکیشیان سپی کە لە جوولانەوەدا هاوشێوە بوون و بێ هەودا ئارەقە هەڵقولاوەکانیان وشک دەکردەوە، کە چەشنی باڵەکانی کۆترێکی سپی دەلەرینەوە، هەندێک کەسی تریش هەوا گیرساوەکەی بەرامبەر سەروچاوی خۆیان بەڕۆژنامەی بەیانییان دەجوولاندەوە، ئەو تەنگییەی کە کەش و هەوا خنکێنەرەکە بەرپایان دەکرد، لە کونەکانی پێستەوە دزەی دەکرد، لەگەڵ سووڕانەوەی خوێندا تێکەڵ دەبوو، لە سینەکان و خانەکانی تۆڕی دەمارەکاندا جێگیر دەبوو، پاشان دەبووە ئاهو هەناسە و تووڕەییەک لە چاوەکاندا دەردەکەوت. یا ناوە ناوە لە سینەکاندا دەتەقیەوەو لەناو خەڵکیدا چەشنی شەپۆلێکی ناڕەزایی پەتا ئاسا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزرایەوە، چەندانێکی تریش لە خوا دەپاڕانەوە ئازاری چاوەڕوانییان لەسەر هەڵگرێ و...

کات کیسەڵێکە هەزار ساڵە لە بیرکراوە، نازانێ زەوی بێ وەستان لە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە قەرەباڵغییەکەش لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر چرکەیەکدا پتر دەبوو، ئافرەت و پیاو، لاو و کچ، لاشەکان دەجوولانەوە و بۆ ڕاست و چەپ وەردەچەرخان، تا بەدوای سروەیەکی هاویندا بگەڕێن. دەروونە بێزاربووەکان ببووژێنێتەوە، یا لە بۆشاییەکی تازەدا بگەڕێ تیایدا بگیرسێتەوە. لە بۆ هەناسەی خەڵکی تر و لێک خشاندنی ئەو لاشانە ڕزگاریان بێ کە ئارەقەیان لێ دەتکا، بەشێوەیەکی بێ ئاگاییش، پێش دەکەوتن، یادەگەڕانەوە، بەڵکو بەختیان بێنێ شتێکی دوور لە بێزاری بدۆزنەوە، ناوە ناوەش چاوەکان بێ هەودا ئاراستەی سەرچاوەی ئەو شتە چاوەڕوان نەکراوە دەکرێن. خەڵکی تر دێن و قەبارەی لەشە بەیەک کەوتووەکان زیاد



دەبێ، تیایان بوو سەر کۆت، هەبوو عەگالێکی عەرەبی یا جامانەیەکی سوور یاخود ڕەشی لەسەر بوو، ئافرەتیان تیابوو سەری خۆی بە چەفیەیەکی ڕەنگاوڕەنگ پۆشیبوو، هەبوو عەبایەکی لە تەوقی سەری دانا بوو، بەدامێنیشی تۆزی زەویەکەی دەماڵی و ژەنگاوێکی بە با دەکرد، لەناو ئەو حەشاماتە بێزارەدا چەند شریتێکی ڕەنگاو ڕەنگ شادییان لێ دەتکایەوە و لە قژی ئەو کیژۆلانە گرێ درابوون کە لەگەڵ دایکیان هاتبوون. چەندین ئاهو هەناسە بە با دەدران، وشە، پرسیار، کەی، لە کوێ، ئەو، ئەرێ تەواو نەبوو، نانا، وا پێدەچێ، گەرما ئۆف ئۆف، دەمانکوژێ ، ئافرەتێکی گەنج بەدەما کەوت و بوورایەوە، هەندێک دەیان گوت بەرگەی پاڵەپەستۆی هەوا خنکێنەرەکەی نەگرتووە. بۆن بۆگەنی و گەرما و پاڵەپەستۆی خوێن. هەروەها گوتیان ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیکی برد. بەڵام گوێم لە هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکە نەبوو، هەروەها ئەو ئافرەتەشم نەبینی کە وتیان کەوت!!.

هەموو چاوەکان لەیەک خاڵدا بەیەک دەگەن، پەنجەرەیەکی بچووک لە دیوارێکی شووشە بەندی تاریک، ناوە ناوە تارمایی مرۆڤێکی لە پشت دەردەکەوێ، ئاپۆرەی خەڵکەکە بەرەو شوێنی تارماییەکە هێرش دەبەن. هەر وەک ئاردی ئاسن بن لەناو کێڵگەیەکی موگناتیسیدا. لەگەڵ جووڵانەوەی تارماییەکەی پشت دیوارە شووشەییە تاریکەکە بەرەو ڕاست و چەپ دەچن. سەر هەڵدەبڕن، ملەکان بەشێوەیەکی نائاسایی درێژ دەکرێنەوە. لاشەکان پاڵ بەیەکتری دەدەن، بەریەک دەکەون، شان لەشان دەخشێ، هەوڵ دەدرێ ڕێگای گەیشتنە لای پەنجەرە بچووکەکە ببڕن، لە ئاسمانی هۆڵەکەدا دەنگێک وەکو ویزەی

هەنگ مەلەی دەکرد، مقۆ مقۆیەک مرۆڤ وشەیەکی بە مانای لێ جیانە دەکردەوە، بەڵام وا مەزەندە دەکرا پەیوەندی بە کرداری (گەڵاڵە کردنەوە) هەبێ و ئەو فەرمان و مانایەی لێی هەڵدەهێنجرێ کە بشێ دەروونە هەڵچووەکانی پێ ئارام بکرێتەوە (گەڵاڵە کرایەوە، گەڵاڵەی کردەوە، گەڵاڵە دەکرێتەوە). بەڵام نە شتێک ڕوودەدا، نە کەسێک دێ، بارودۆخەکەش بەپەلە بۆ حاڵەتی سروشتی خۆی دەگەڕێتەوە، (لەگەڵ ون بوونی تارماییەکەی پشت دیوارە شووشە بەندە تاریکەکە) مقۆ مقۆیەکان دەتوێنەوە، ویزەی هەنگ دوایی دێ، سەرەکان دەگەڕێنەوە شوێنی ئاسایی خۆیان، پێڵووەکان خاو دەبنەوە، بەبێ دەنگی جارێکی تر چاوەڕوانی باڵ بەسەر هۆڵەکەدا دەکێشێ. چەند چرکەیەک تێدەپەڕێ و جارێکی تر دەنگدانەوەی مقۆ مقۆ و پسکە پسک دەبووژێتەوە. زەوی لە سووڕانەوەی خۆی بەردەوام دەبێ خۆر دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان، کات دەم ژمێر، دوای دەم ژمێر تێدەپەڕێ، هیچ شتێک نییە ئاماژە بۆ ئەوە بکا کەوا چاڕوانییەکە درێژە ناکێشێ. کۆکەیەکی وشک لە ورگی دەهۆڵێکی بەتاڵدا دەردەچێ و هۆڵەکە پڕ دەکاتەوە لەگەڵیدا پیرەمێردێک ملی لار دەبێتەوە، کە لەسەر کۆنە کورسییەکی دار دانیشتبوو، وە دەکەوێتە بێدارییەکی قووڵەوە، وەکو هیوایەکی ڕۆشن لە بەیانییەکی فێنکدا، جارێکی دیکە تارماییەکە لەپشت دیوارە شووشە بەندە تاریکەکەوە دەردەکەوێ، دەوەستێ، دەستەکانی کاغەزەکان هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەن. هەندێکیان هەڵدەگرێ، تارماییەکە ون دەبێ. پاشان دەگەڕێتەوە، کاغەزەکان وەردەگێڕێ، هەندێکیان دوور دەخاتەوە پاشان دەڕواو دێتەوە، کاغەز بەرز دەکرێنەوە، هەندێکیان نزم دەکرێنەوە، چاوە مۆڵەقەکان بەدوای



هاتوچۆی تارماییەکەی پشت دیوارە شوووشەییە تاریکەکە هەراسانن هەروەک چۆن جەماوەری هاندەرانی یاری تێنس دەجووڵێنەوە، جارێکی دیکە لاشەکان پاڵ بەیەکترەوە دەنێن. بۆ لای ڕاست دەجووڵێنەوە، بۆ باکوور وەردەرچەرخێن، پێش دەکەون، دەگەڕێنەوە، سەرەکان بەرز دەکرێنەوە، ملەکان درێژ دەبنەوە، لە ناکاویشدا پەنجەرە بچووکەکەی دیوارە شووشەییەکە دەکرێتەوە، هیچ سەرێک دیار نییە، بەڵکو دەستێکی ڕەش لە پەنجەرەکە دەردەکەوێ، کۆمەڵێک کاغەزی توند گرتووە، دەمودەستیش چەندان دەست بەرز دەکرێنەوە و پاڵ بەیەکتری دەدەن. یەکتر دڕ دەدەن، هەڵدەکشێن لە هەوڵی ئەوەدان بگەنە پەنجەرە بچووکەکە و دەستیان بەکۆمەڵە کاغەزەکە ڕابگا. لەناو هۆڵەکەشدا چەند وشەیەک بە با دەکرێن، وریابە، ئاگادار بە، تکایە، دەستە کاغەز هەڵگرەکە ئێستا بەرز دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا دەرگای هۆڵەکە دەکرێتەوە چەندین کەسی نوێ دێنە ژوورەوە، لەگەڵ هاتنیشیان هۆڵەکە جەنجاڵتر دەبێ لەنا چاوەڕوانییەکدا، بایەک هەڵدەکا بۆنێکی گەنیو لەگەڵ خۆیدا دێنێ، چەشنی ئەوەی کە لە بیرە نەوتییەکاندا هەڵدەستێ. لە بۆشاییەکە دەسووڕێتەوە، بەر ڕوخسارەکان دەکەوێ سییەکان تژی دەکا، دەرزی ئاسا لاشەکان دەچزێ، خوێن لە دەمارەکاندا دەکوڵێ، سوورایییەکی چەشنی شەفەق ڕوخسارەکان دادەپۆشێ، وەکو شەپۆڵەی دەریا، دەستەکان بۆ هەوراز پاڵ دەنرێن تابە کاغەزەکان بگەن. بایەکە خول دەخوا، دەسووڕێتەوە دەسووڕێتەوە، لەناکاو کاغەزەکان لە دەستە درێژ کراوەکەی ناوپەنجەرەکە دەڕفێنن، بایەکە لە ئاسمانی هۆڵەکەدا دەسووڕێتەوە، بەرەو هەوراز لەگەڵ کاغەزەکاندا

چەشنی ستوونێکی کاغەزی دەردەکەوێ کە بەدەوری تەوەرەی خۆیدا خول بخواتەوە. دەستەکان لەدوای بایەکە پاڵ بەیەکتری دەدەن. شوێن کاغەزەکان دەکەون. لەگەڵیدا خول دەخۆن، لاشەکانیش لەگەڵ جوولانەوەی با و کاغەرەکان سوورڕ دەخۆن. لە کاتێکدا حەشاماتەکە بەبێ ئاگایی چەشنی یەک قەبارە دەسووڕانەوە، لە ناکاو ئاسمانی هۆڵەکە لەگەڵ سەرسوڕمانی هەمووواندا پڕی دەستەسڕی کاغەزی بە باچوو دەبێ. ڕۆژنامە و شریتی قژی منداڵان، لە کاتێدا خەڵکەکە بە واقوڕماوییەوە لە دیمەنەکە ڕادەمان، شتە بچووکە ڕەنگاو ڕەنگەکان مار ئاسا لە ئاسمان دەسووڕانەوە، لەگەڵ کاغەزە بە با چووەکاندا دیمەنێکی دەگمەنی سەرنج ڕاکێشیان پێک دەهێنا، بەڵکو بلێ سەمفۆنیایەکی ڕەنگینی بێ وێنە. زۆری نەبرد پێکهاتەیەکی تری ڕەنگاو ڕەنگ لە دەستە سڕە ئاساییەکان چەشنی پۆلە کۆترێک تێکەڵیان بوون، کۆفیە سوور و ڕەشەکان سەری خاوەنەکانیان کۆت کردو بەشێوەیەکی ناسک و جوان کەوتنە سەماکردن، مار ئاسا پێچیان دەخوارد، بەرز دەبوونەوە و دادەبەزین، بە سەرەکان دەکەوتنەوە و پاشان لەگەڵ بەرز بوونەوەیان جەماوەری چاوەڕوانیکەران خۆیان هەڵدەدا بیان گرنەوە دەست. بەڵام بایەکە لە ئاسمانەکەدا دەسووڕایەوە، خولێک دوو خول کاغەزەکانی هەم دیسان دادەبەزاندەوە، تا جارێکی تر بەڕوخسارو قژەکان دەکەوتنەوە، ختووکەی بچووکەکانی دەدا، چەند قیژەیەکی ناسک لە ئاسمانەکە چەشنی زەنگی لەدایکبوون دەبیستران. هێواش هێواش هەموو دەستەکان دادەبەزین. کۆمەڵ دوای کۆمەڵ، بەڵام چاوەکان بەسەر سووڕمانەوە چاودێری سەما سەمفۆنییەکەیان دەکرد. منداڵەکان



خۆیان هەڵدەدا، هەڵدەپەڕین و لەسەر ڕیتمی سەما سیحرییە هەڵواسراوەکەی ئاسمان سەمایان دەکرد، تەنانەت هەر هەموویان شەپۆڵەیان دەدا، بێ ئەوەی بزانن چی دەکەن. هەر هەموو مەست بوون، گشتیان ئەوەیان لە بیر کرد کە لە پێناویدا هاتبوون، لەناکاودا بەر لەوەی خەڵکەکە لەبازنەی ئەو سیحرە بەئاگا بێنەوە، لە نێو حەشاماتەکەدا دەنگێک بەرز بۆوە وداوای لە خەڵکەکە کرد دەرگا داخەن، چەند منداڵێک بەرەو دەرگاکە ڕایان کرد هەرکە دەرگاکەش بەڕووی بایەکە داخرا، بێ دەنگییەکی ترسناک بڵاو بۆوە، ئەو کاتە شریتەکان لە سەماکەیان وەستان و کەوتنە خوارەوە، هەروەها جامانەو ڕۆژنامە و دەستەسڕە کاغەزییەکانیش کەوتنە سەر زەوی، ئینجا هەر هەموو خەڵکەکە گەورەو بچووکیان، ژن و پیاویان خۆیان هەڵدەدا، ساتمەیان دەکرد، ڕایان دەکرد، لێرەو لەوێ بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕان کە بە هی خۆیان دەزانین، بەڵام ئەوەی سەیر بوو وە ببووە مایەی سەرسوڕمان کاغەزەکان لە جیاتی ئەوەی ئەوانیش بکەونە سەر زەوی بەرز بوونەوە، تا بە بنمیچی هۆڵەکەوە لکان، هەروەک بنمیچەکە بەماددەیەکی چرێشی موگناتیسی پاک کرابێتەوە. هەندێک لە دەستەکان بۆ قۆزتنەوەی کاغەزەکان بەرز کرانەوە، بەڵام بیریان کەوتەوە کە ناتوانن بگەنە بنمیچەکە، بۆیە بەهێواشی جارێکی تر دابەزینەوە وە چاوەکان هەر سەیری سەرەوەیان دەکرد، بەڵکو ئەمە خوایە یارمەتییان بدات ئەو شتانەیان دەست بکەوێتەوە کە لێیان ون بووە!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (٦) ساڵی ١٩٩٩ ل ٥٧-٥٨

# یەکەم مردن

کازم حەسونی

تەنیا نیو کاتژمێری لە چاوەڕوانی مردندا ماوە کە بەئۆتۆمبیلەکەی ماوەی نێوان ماڵەوەو نووسینگەکەی پێ دەبڕێت. لەگەڵ ڕۆیشتندا بۆ یەکەمجار سروەیەکی فێنکی بەیانیانی هەڵمژی. بەلای کۆمەڵە منداڵێکدا تێپەڕی. کە بەجانتا بچووکەکانیانەوە ڕوویان لە باخچەکانیان دەکرد. کەمێک هێواشی کردەوە بینی کە بەدەم ڕۆیشتنەوە گاڵتەو یارییان دەکرد. ڕوخسارو جلوبەرگە ڕازاوەکانیان بە تیشکی زێڕینی ڕۆژ دەدرەوشایەوە، لە ئاوێنەکەی بەردەمی چاوی بەزەردەخەنەیەکی هێمنی خۆی کەوت. بەبێ ئاگایی گەڕایەوە دواوە، دەستەکانی لەسەر سووکانەکە سڕبوون، ئایا ئاگرێک بە دەستیەوە



چزا، یاخود شتێکی نائاسایی ڕووی دا. ئەگەر بەئەنقەستیش سەیری کۆمەڵە منداڵەکەی نەکردایە. کچە بچووکەکەی خۆی نەدەبینی بە تەننورە سپییەکە و جانتا پڕ لە یارییەکەی کە لەسەر شانییەوە هەڵدەقوزیەوە و قاچی بەزەویدا دەکێشا. بۆشی دەرکەوت کاتێک بەلایدا تێپەڕی خەریک بوو بانگی یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی دەکرد. زۆر ئەستەم بوو بەرگری بکا. بیری کردەوە بەپەلە سەیری بکاو بەس، هەربۆیە بەوریاییيیەوە ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، تا کچەکەی نەیبینێ، بەزۆر لەخۆ کردنەوەش ئارەزوویەکی بە تینی شاردەوە کە لەناخەوە داوای لێ دەکرد بوەستێ و پڕ بەچاوەکانی تێی بڕوانێ و دوا خوا حافیزی لێ بکات!!.

ئەی دوا جارنییە لە ژیانیدا دەیبینێ، بەڵام ئەمە پێچەوانەی سووربوون و پێدا گرتنیەتی لەسەر مردن. خۆی بۆ ئەوە ئامادەکرد دان بەخۆیدا بگرێ. تا دواچرکەکانی کاتە کەمەکەی تەواو دەبێ و گرنگی شاردنەوەی کارەکەی بیرکەوتەوە کە دەبێ بەهەر شێوەیەک بێت تا کۆتاییەکەی ببات. بێ هوودە هەوڵی دا ئەو وێنەیە فەرامۆش بکات. کە لە مێشکیدا چەسپیبوو، چاوی بۆ هەر لایەکیش دەبرد قردێلە جوانەکانی و شێوەی دەم بەپرسیاری دەردەکەوتن کە لەگەڵ سەر بەرز کردنەوەدا ئاڕاستەی دەکرد. هەر لەگەڵ تێپەڕبوونیش بینیبووی کە چۆن لەیاریی کردن دەوەستێ و بایەکە یاری بەجلەکانی دەکات. بەڵام چاوەکانی بەدوایەوە بوون. لە دوورەوەش لە قووڵایی شەقامەکەدا دەستی بۆ هەڵدەبڕی. هەر بەم جۆرەش تا زۆر دوور کەوتەوەو لە چاو ون بوو. لەوانەشە تا دوای مردنیش هەر دەستی بۆ هەڵبڕێ، ئەمەی بۆ خۆی چرپاند، واش مەزەندەی دەکرد کە دەنگە

ناسکەکەی بەر لەوەی ون ببێ زۆر لە بۆشاییدا لەریوەتەوە. میلی کاتژمێرەکەی دەخشی و خولەکە کۆتاییەکانی چەشنی دڵۆپەی ئاو دەتوانەوەو نزیک بوونەوەی کۆتاییان دەردەبڕی، بەڵام زانی کە تا دوا چرکەی پێش مردن هەرحەز بەبیستنی گۆرانییە ناسکەکانی ئێوارانی دەکاو چێژێکی زۆر لە سەیر کردنی وەردەگرێ، زۆر دڵگیرە، کاتێک بەجلوبەرگە ئاڵووالاکەی لە پێشیدا دەسووڕێتەوەوە بەقاچ لە زەویداندا سەمای بۆ دەکات ئای لە جوانی منداڵ!!

ئەمەی بەهەڵچوونەوە دەربڕی و لە بەر کاریگەرییەکەی بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دووبارەی کردەوە. بەڕاستی شتێکی ناخۆشە!.

بێ هەودا چاوەڕوانی گەڕانەوەم دەکاو دەمەو ئێوارە سرووودەکەی ئامادە دەکات تا چەشنی ڕۆژانی تر بۆم بچڕێت، گشت ئەمانەی بەبیردا دەهات، کاتێک بەبیر کردنەوەوە ڕێگاکەی دەبڕی، سەرباری چارەنووسە نووتەکەکەی زانی کە دوا ئارەزووی ژیانی بیستنی گۆرانی و سرووودەکانی کچەکەیەتی. کە خەریک بوو بەئاسانی لە بیریدا بسڕدرێتەوە. زۆری نەمابوو پێکەنینی بەخۆی بێت کە گۆرانییەکەی لە مێشکی خۆیدا دووبارە دەکردەوە. لە ساتێکیشدا دەنگەکەی لە ناکاو بەرز بۆوەو دەستی بەگۆرانی گوتن کردو هەلی مردنی چاوەڕوان کراوی خۆی قۆزتەوە، هەروەک چۆن خۆی لە ئازارێکی سەخت ڕزگار بکات. خەیاڵی بۆ دوور بڕی کرد، چارەنووسەکەی خۆی بیر چووەوە. هەرچەند کاتێکی زۆر کەمی مابوو، کە سەیری کاتژمێرەکەی کرد، ڕاچڵەکی و زانی کەوا کات بەخێراییەکی کەم وێنە تێدەپەڕی، ئەو دەمەش هیچی لەبەردەم نامێنێتەوە تەنها ڕوو لە نووسینگەکەی بکات و پاڵ بەدەرگاکەوە بنێ



و لە ژوورەوەش بەتوندی دایبخات، لەوانەیە کەمێک بلەرزێ، یان شتێک بڵێ، بەڵام دەمودەست تەقە لە خۆی دەکات، ئەو دەمە هاوارەکەی بۆ دواجار بەتوندی لە ناو بێ دەنگی و خامۆشی نووسینگەکەدا ون دەبێ. پاشان، بۆشایی ، ئینجا مردنەکەی تەواو دەبێت ئەو دەمەش ناتوانێ تێکشکانەکەی ببینێ، یاگۆرانییەکانی چۆن لەگەڵ هاتنی ئێوارەدا مەرگ لوولیان دەدات. کاتێک چاوەڕوانی بێزاری دەکاو خەو دەیباتەوە، بەڵێ چونکە مردووەکان لەمە ناگەن، بەڵام زۆر بیری لەوە دەکردەوە چۆن و هەمیشە خۆی لەناو خەونەکانیدا دەشارێتەوە، بەخێرایی و بەئاگایی ئۆتۆمبیلەکەی لێ دەخوڕی لەگەڵ تەواو بوونی کات و لە چرکەی دیاریکراوی مردندا ئۆتۆمبیلەکەی لە بەردەم باخچەی منداڵان وەستا . وای مەزەندە دەکرد کەوا لەبەردەم ئەو تەلارەدا وەستاوە کە نووسینگەکەی تیایە، بەتوندی و وریاییەوە بۆ چەکەکەی گەڕا . چەند چرکەیەکی بەسەردا ڕەت بوو، بینی، هەنگاوەکانی بەخورتی بەرەو ژوورێکی فراوانی دەبەن کچەکەشی یەکسەر بەڕاکردن بەرەو ڕووی هات و خۆی بۆ هەڵداو دەستی کردە ملی. هەروەک یەکێک تازە هوشیار بووبێتەوە، هەست بەئارامی کردنێکی زۆر باڵی بەسەر داکێشا . کە لە باوەشی دەگرت و بەسینگی خۆیەوە دەنا . پاشان بینی دەستی گرتووەو چەماوەتەوە ئینجا منداڵ ئاسا دەیگوت (تاتی، تاتی) بە هەڵچوونێکی سەیرەوە بەدەم قاقای پێکەنینەوە کەوتە گۆرانی گوتن، منداڵەکان بەخۆشی و شادییەوە سەیریان دەکرد، مامۆستاکەشی بە سەر سووڕمانەوە چاوی تێ بڕیبوو، هەروەک باوەڕ بەوە نەکات کە هەر ئێستا لە مردن ڕزگاری بووە!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ(٣) ساڵی ٢٠٠٠

# فۆبیا

جەلیل ئەلقەیسی

ئێوارەیەک بەتەنیا لە ساڵۆنەکە دانیشتبووم و کەسیش لەماڵ نەبوو، دەرگا دارەکەم کردەوە شنەبایەکی سارد خۆی کردە ژوورەوە، چوار کاتژمێر دەبوو تەزووی کارەبا پچڕابوو، ئارەقە لە هەموو لەشم دەتکا، بەڵام من بەلاملییەکی خۆشەوە لە خوێندنەوەی شاکارەکەی تۆلستۆی (ئانا کارنینا) بەردەوام بووم، کە دەستۆیڤسکی مەزن لە یەکێک لە دانیشتنەکانی خواردنەوەدا بەگاڵتەجارییەوە لە بارەیەوە گوتبووی (کارەساتێکە لە کارەساتەکانی ژووری دانیشتن و ساڵۆنەکان). یەکێک لە کورتترین بەشەکانی ئەو ڕۆمانەی بەردەستم زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە تەنها لە دوو لاپەڕە پێک هاتبوو. چونکە نووسەر دە جار



وشەی ترسی تیا بەکار هێنابوو. لەو دەمەی بیرم لەو زۆری بەکارهێنانەی وشەی ترس دەکردەوەلەناکاو سیسرکەیەک بەقەبارەی کەروێشکێک خۆی کردە ساڵۆنەکەو زۆر لەسەرخۆ و بەجولانەوەیەکی چەشنی بووکە شووشەیەک کە بەپاتری کار بکات دەڕۆیشت، دوای چەند سووڕێکی نمایش کردن لە دەوری ڕووبەرێکی ژوورەکەو لە دەوری خۆیدا، لێم نزیک کەوتەوەو لە دووری سێ مەتر لەو شوێنەی دانیشتبووم بەهێمنی وەستا. هەردوو سمێڵە درێژەکانی بۆ چەند لایەک سووڕان، هەروەک بیانەوێ لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی ژوورەکە وردببنەوە، پاشان لەسەرخۆ بەئاراستەی من وەستان، چەند سەرنجێکی دوورودرێژی تێ گرتم. هەر ئەو کاتە هەستم بەتوانا و توندو تیژی و تاڵ و ترشی وشەی ترس کرد وە لە بەرچی تۆلستۆی لەو دوو لاپەڕەیە ئەوەندە جارە بەکاری هێناوە، بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. ئەو مێرووڵە گەورەیە لە ناکاو وای لێ کردم ببمە گیرۆدەی هەستێکی پەنگ خواردوو ئاڵۆزو نادیار و بە ژان و سوێ. بەبێ ویستی خۆم بوومە دیلی ترس و بیمێکی سامناک. ترس هەروەک چۆن هەندێ جار هۆش تەمومژاوی دەکا، و توانایەکی بیرکردنەوەی وابەئادەمیزاد دەبەخشێ تا دەگاتە ئەو دیو سنووری شتە هەست پێکراوەکان. هەستەوەرییەکانیش تا چڵەپۆپە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە...

بەکورتی باش دەزانم من کەوتمە بارێکی سایکۆلۆژی ئاڵۆزەوە، سیسرکەکە بەهەردوو چاوی تێی دەڕوانیم و بەهەردوو سمێڵە درێژەکەی لێم ورد دەبۆوە، هەروەک شتێکی گرینگ و سەرسوڕهێنەر بپشکنێ. لە پێش خۆمدا گوتم: جەلیل ئارام بگرە، کێ دەزانێ بەڵکو ئەوە سیسرک نەبێ!! ئەی کەواتە چییە؟ ئای خوایە تەنێکی (کاکاوی)م

لەبەر دەمدایە، قەبارەی، هێڵەکانی، ڕێژەکان، کێش ئەو لە بۆشایی سالۆنەکە لە تابلۆیەک دەکا. دوای بێ دەنگییەکی زۆر، چەشنی دەزوویەکی باریک و لەگەرمەی حەپەسانی مندا. سیسرکەکە بەدەنگێکی باریک و فرمێسکاوی و زۆر خەفەتبارانە گوتی– ئێوارە باش ئازیزەکەم جەلیل ئەلقەیسی، زۆر داوای لێبوردن دەکەم چونکە من خوێندنەوەکەم پێ بڕیت... ، لەناکاو وا هەستم دەکرد تەزوویەکی کارەبای خێرا گرتوومی، دڵم کەوتە خورپە کردن و بینایم لێڵ بوو، خەریک بوو لەجێگای خۆمدا بکەوم، سیسرکەکە درێژەی پێ داو گوتی– ئەگەر شووشەیەکی ئەو شەرابە نایابەت هەبوایە کە پێی دەڵێن (CHAMBERTIN) بێگومان ئارامتر دەبووی و گەرم و گوڕتر لەگەڵم دەدوای. جارێکیان کە زۆر بۆ من دڵگران بووی و لە ڕێگای توانای پاراسایکۆلۆجی بینیتم تۆ ئەو شەرابەت دەخواردەوە. هاهاهاها... چیی، ئایا وشەکانم دەتترسێنێ جەلیل؟ ئێستاش بەهەمان هەستیاریی نەخۆشە توند و تیژەکانتی...!!!، بێگومان دیمەنم وەکو سیسرکەیەک هێڵەکانی مێشکتیورووژاندووەو پەشێوی هەموو ئینجێکی لەشتی گرتۆتەوە. وشەکانی ورووژاندمی و بەتوانایەکی سەرووی توانای مرۆڤ بەدەنگێکی خنکاوەوە گوتم+ تۆ کێی؟. گوتی– من؟؟ باشە ، من مرۆڤێکی یەکگرتووم وە تۆش هەمدیسان یەکگرتووی... ژیانی یەکگرتوویی ئەستەمە بەڵام تامو چێژێکی هەیە..... ئێستاش وەکو من لە هەموو شتێکدا متمانە دەکەیتە سەرخۆت؟. مەبەستم متمانەیەکی ڕەهایە، من بەتەنیا هەوڵ دەدەم هەموو شتێک لە بارەی ژیان و کۆمەڵ بزانم... من بەقوڵی لەگەڵ دەروونی خۆمدا دەژیم و ناوەوەی خۆم، وە بەلاملیش دژی کارەساتەکانم تێ دەکۆشم. گوتم + تۆ؟! لە هەموو شتێکدا متمانە دەکەیتە سەرخۆت! وە بەقووڵی



لەگەڵ خۆتتدا دەژی؟. وەڵامی دامەوە: بەڵێ هاوڕێم...، زۆر لێی ورد بوومەوە بۆچوونە سەیرەکەی کەمێک لە ترسەکەی ڕەواندمەوە، وەنازانم لەبەرچی و سەرباری پەشۆکان و ترس و نیگەرانیم، لەناکاو داستانە نەمرەکەی خۆمانم بیرکەوتەوە (هەزارو یەک شەوە). وە چیرۆکی گەورەم نوعمان کە دەبێتە سەگ و چەشنی ئادەمیزادێک ڕەفتار دەکات. هەمووشتێک دەشێ– گوتم: خۆتم پێ ناناسێنی؟ وە چۆن ناوی منت زانی؟

+ بەدەنگێکی ناسک وەڵامی دامەوە و گوتی: کەمێک بوەستە، بێگومان ئازیزەکەم جەلیل خۆمت پێ دەناسێنم.

– باشە گوتت کەوا بەقووڵی لەگەڵ خۆتتدا دەژی؟ چۆن و بۆ؟؟

+ بەڵێ ژمارەیەکی کەم نەبێ خەڵکەکەی دیکە وا دەبینم هەروەک زەویەکی نەناسراو بێ!!

–زەوی نەناسراو بۆ؟؟

+ چونکە ئەویتر تێم ناگات، وە دەیەوێ گوێڕایەڵی بم، یا منی ئامیر بیکەمە گوێڕایەڵی خۆم، ئەوە گەمەیەکی پیسە، ئەرێ جەلیل تۆ دەزانی من دوای ئەو کارەساتی گۆڕانە درامییە بەدەست چییەوە دەناڵێنم؟

–چی؟؟

+ بەدەست بەیەکەوە نەگونجانی توند و تیژی نێوان عەقل و گیان.

بەدەست خۆم نەبوو سووکە پێکەنینێکم گرت و گوتم+ چۆن؟ چۆن؟؟

– ترسێک هەیە لەوەی دەربکەوم، منی ئادەمیزادی زیرەک، ڕشت لە ئیشەکانم، مایەی پێ پێکەنین بم!!

+ پێکەنین تۆ هەرگیز شایانی ئەوە نیت پێت پێبکەنین!!

– مەبەستم ئەوەیە شێوەم پێکەنیناوییە... وانییە؟؟

+ نانا هەموومان دەستکردی سروشتین و لە سروشتدا دەژین و بۆی دەگەڕێینەوە.

ئای چیت لە شێوە داوە، سروشت شتە سەیرو سەمەرەکانمان پێشکەش دەکاتەوە نهێنییەکی شاراوەیە کەس پەنهانی و ناواخنەکەی نازانێ؟ گوتم + تۆ لە کارەکەتدا ڕشت بووی، بەتەواوی چ کارێکت ئەنجام دەدا؟

– جەلیل هەموو شتێکت پێ ڕادەگەیەنم... ئارام بگرە، تۆ لەو خەڵکە کەمانەی کە بەباشی تێم گەیشتوون، گوێ بگرە تۆ دەزانی مانای ئەوە چییە خود بچێتە ناوەوەی خۆی؟؟

+ بێگومان، بێگومان دەیزانم!

– وە دەزانی ئەو خودە چۆن خۆی لە بۆشایی ناوەوەدا بزر دەکا؟

+ تێدەگەم... تێدەگەم مەبەستت لە ڕووە فەلسەفییەکەی داخستنی دەروونە لەناو دەروونداَ.

– ئافەرین... ئافەرین، چی ڕوودەدا، ئای، ئەوە ڕوودەدا کە مرۆڤ ئەو پارچە زەویە ڕەقەش دەدۆڕێنێ تا لەسەری بوەستێ.

+ ڕاستە، ڕاستە.

– ئای خودایە، من چەند دڵشادم کە تۆ تێم دەگەی، جەلیل تۆ وەک سەراب هاوڕێی خۆشی و ناخۆشیت، باشە پرسیاری کارەمەت کرد، ، ئێ چاکە، خەونم دەبینی خەون... خەون... بەڵێ خەون!

+ چیی ی... خەون دەبینی؟

– خەون بەوەوە دەبینم لە پیشەکەمدا پێش بکەوم و پەرە بە تواناکانم بدەم و ئەو پلانە وەرگرم کە لەگەڵ خواستەکانمدا دەگونجێ... ها ها ها... بەڵام چی ڕووی دا؟



هەر ئێستا دەیبینی... بڕوانە هاوڕتی بەنرخم، سەرنج لەو گۆڕانکارییە درامییە بدە کە لەلای شکسپیر و دەستۆیڤسکی لە چەند خولەکێکدا ڕوودەدەن... بەڵێ تۆ لە بارودۆخی ئەنتۆلۆژی من دەگەی، وە لەبەر ئەوەی من دەزانم چەند بەگەرمی لە پێناو مندا گریاوی کاتێک جامی شەرابی (CHAMEBRTIN)ت هەڵدەدا. وە دەزانم تۆ ئەوکاتە زیاتر دەگریای کە خوشکم بەدار لێی دەدام، تۆ لە گۆشەگیریەکەتدا بەهەموو توانای خۆت هاوارت کرد... ئەی گەمژە، ئەی سپڵە، چەند جار کە دەرگایان لەسەرم دادەخست هاوارت دەکرد... ئەو دیوارە چینییە لە دەوری ئەو مرۆڤە چاکە لابەرن... ئێوە سپڵەن

+ شێوەکەت چەند ئازارم دەدا، ئایا هەروا دەمێنیتەوە، وە تاکەی؟

– بێگومان دەمێنمەوە، بەڵام تۆزە هیوایەکم هەیە بۆ خودی خۆم.

+ هیوا... هیوا... ئایا دوای ئەو گۆڕانکارییەش هیوات هەیە؟

– تۆ دەزانی ئەوانەی بۆ بیست ساڵ بەکارە سەختەکانیشەوە زیندانی دەکرێن، هیوایەکی سەیریان هەیە هیوا،... هیوایەک چەشنی وڕێنەیەک!

+ بەڵام گریمان ئەو گۆڕانکارییە دوای زیاتر لە بیست ساڵ ڕووی دا تەمەن چی بە بەرەوە دەمێنێ؟

– جەلیل تۆ گوتت چی لە تەمەن دەمێنێتەوە؟ پاشان بۆ کوێ بگەڕێمەوە، بۆ خێزانەکەم، ئەو خێزانەی کە تێم نە دەگەیشت، بۆ ئەو خوشکەم کە هەموو کۆششێکم کرد تا بچێتە ئامۆژگای مۆسیقا. وە ئەو خوشکە بەر لە هەمووان دارکاری کردم. لەبەر ئەوە لێی دام چونکە من ڕۆژێک لەبەر خەمۆکی خۆم ویستم لە دەرگاکەوە سەیرکەم بزانم چی لە ماڵەوە ڕوودەدا... ئای شورای چینیان لە دەور دروست

کـردم، جـەلیل گـوێ بگرە دەزانی خـوشکم بەو هـەڵسـوکـەوتە توندە ویستی چیم بۆ بسەلمێنێ؟

+چیی؟؟

– بیسـەلمێنێ کـەوا ئەنتـرۆپۆلۆجیـای (ژان ژاک ڕۆسـۆ) لە بنـەمـای تایبـەت بەسـروشـتی ئـادەمـیـزاد، ئـادەمـیـزادی ڕەسـەن و بێ تاوان، ڕاسـتـە، بەڵام کـە دارکـاری کـردم دانی بە بۆچوونی– کـانت–ی فـەیلەسـوف هـێنا کـەوا شـەڕانگێـزی لە مـرۆڤ ڕەگ داکـوتـاوە. بەڵێ هـەروەها ئەوەم لـەمـیـانی هـەڵسـوکـەوتی ئـەوانی تریش لە کـۆمـەڵدا بۆ ڕوون بۆوە و فـێری بووم، بەڵێ لەگەڵ خـەڵکیدا فـێربووم چۆن لە خۆم بگەم... خوشکم، کاک جەلیل پەردەی لەسەر دڵێکی (لۆسەر )ی بەردین هەڵدایەوە، ئەمـەی بەدەنگێکی قـەتیسـماوی پڕ لـە گـریان دووبارە دەکردەوە... بەڵێ دڵێکی (لۆسەر)ی بەردین...!!!

+ لەپاشان چیی ڕوویدا؟؟

– بەقووڵی خۆم ناسی، وە لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی قووڵ ترسناکە ترسناکە، سەیرکە بوومەتە سیسرکە، ئای لە گەورەیی عەقڵم لە ئازار چەشتندا، عەقلم کە بەرگەی عەقلەکانی تر ناگرێ، عەقلە بچووکەکان، عەقلی گەورەی وەکو منیش لای تۆ شاراوە نییە ناتوانێ بەبێ ئازادی بژی، تۆ لەگەڵمای جەلیل؟

+ بەڵێ بەهەموو هەستێکمەوە.

– مـەزنە، تۆ گـوێگرێکی بێ وێنەی، سـەیرکـە ئەوە ئەنجامی ئەو ئازادییـەیە کـە بۆی تێکۆشـام. ئازادیش یا تۆوی مـردن یا تێکدانی خودی تیایە.

+ بەڵام ئازادی دەتوانێ مرۆڤ بۆ پلەیەکی پیرۆز بەرزبکاتەوە.



بە پێکەنینەوە دووبارەی کـردەوە– پیـرۆز... پیـرۆز، جـوانە جـوانە دەتوانی ئەوەشی بۆ زیاد بکەی خەسڵەتە فریشتەیییەکان لە مرۆڤدا دەڕوێنێ.

+ ئەمە ڕاستە، زۆر ڕاستە

– لایەنە فریشتەیییەکەی ئازادییەکەم باجی ئەو گۆڕانکارییەی پێ دام، خێزانەکەم ڕەفتارە فریشتەیییەکانیان، هۆشیاری و بەئاگاییم لە شێوازە زاڵم و شەیتانییەکانیان، بە هەل قۆزتەوە.

+ بەڵام تۆ وەک بیـزانم لەو جۆرانەی کـە بەقووڵی لـە دەروونی خۆی دەگات، پاشان ئایا بەڕاستی لە ئاکامەکانی ئازادییەکی قووڵ بێ ئاگابووی، یا گوێت بە هەڵسوکەوتی عەقڵە وردیلەکان نەدەدا؟

– نازانم... نازانم هاوڕێم چەند تەنگژەیەکی ڕەگ داکوتاوی دیاریکراو لە گیانی مرۆڤدا هەن، ناکرێ تێیان بگەیت و دەوریان بدەیت ئەگەر هەرچی فەلسەفەی ماددی و سروشتیشی بۆ بەکاربێنی.

+ بۆ؟؟

– نازانم لەوانەیە بە لەدەستدانی ئازادی، ئازادییەکی زۆر دەگمەن، ئەو ئازادییەی لێی دەگەڕام، ئازادییەک لە جۆرێکی سەیر و مەزن، دوورنییە بەهۆی وەدەست نەهێنانی دووچاری دەمارە لەرزە بووبم چونکە هەمیشە بەلاملییەکی هێستیریانە لێی دەگەڕام. هاوڕێم نازانم لە کوێ خوێندوومەتەوە کەوا بیرۆکەی دەستەڵاتدار وەکو دەرزی سپرینگی وایە، چەند ساڵی بەسەردا بڕوا قووڵتر دەبێ، ئەگەر ویستت لە ساڵی یەکەمدا دەری بکەی ئەوە تاڵە موویەکی قژتی لە ڕەگەوە لەگەڵدا دەردەچێت. لە ساڵی دووەمدا هەروەک ئەوە وایە پێستەکە بدڕێنێ، لە ساڵی سێیەمدا دەبێ ئێسقانی بۆ بشکێنی، لە

ساڵی چوارەمدا وەکو ئەمە وایە بە شتێک لە مێشکتی لەگەڵ دەرکەی.

+ باسی ئەو دەمارە لەرزەمان بۆ ناکەیت، چ جۆرێکە؟

– ئای خودایە، کاک جەلیل باوەڕبکە، چەند برە گرکانێک بێ هوودە، هەوڵم دەدا لە ڕێگای شێوازە جەستەییەکان لێی ڕزگاربم، تەواو وەکو فێ لێهاتووەکان، لەناکاو بینیمت ئەو گۆڕانکارییەم بەسەردا هات!!

+ لەپاشان هەستت کرد ئیرادەت تێک شکا؟

– بەڵێ... بەڵێ (ئاهێکی هەڵێنا هەر وەک یەکێک خەفەتێکی زۆر گەورە لە دڵی خۆی هەڵبگرێ و هەمیشە ئازاری بدا) بەڵێ... بەڵێ

+ چۆن و لەبەر چی؟

– بە لەدەستدانی خۆشەویستی، هەمیشە خۆشەویستی ڕاستەقینەم دەدۆڕاند، تێگەیشتنی ئەوانی ترم لە خۆم لەدەست دەدا، کەسم نەدۆزییەوە تێبگا مانای ئەوە نییە من نائاسایی بم، وە من تەنانەت کە سیسرکەم هەست بەنائاساییەتی خۆم دەکەم. وە تۆش بیست ساڵ لەمەوبەر دانت بەنائاساییەتی من دانا، وە لە پێناوی مندا گریای، ئەرێ ناسیمت؟ من (گریگۆری سامسا)م، کاک جەلیل. بەهاوارێکی خنکاوەوە گوتم – مەحاڵە. مەحاڵە

– مەحاڵ لەم جیهانەدا نییە، هەموو شتێک لە گەردووندا ئەگەری ڕوودانی هەیە.

+ گریگۆری، ئای خوایە، تۆ لە شارەکەی مندا ئارابخا و لەو هاوینە گەرمە چی دەکەی؟

– خووم بە گەڕان بە شاراند گرتووە. جارێکیان چەند مەترێک لەو



پیاوە بەڕێزە سیگمۆند فرۆید دوور بووم، یەکێک لە وانەکانی دەگوتەوە و دەیگوت گەشەکردن خووگرتنی یەکەمەو هەموو خووگرتنەکانی تریش تەنها جێگرەوەی ئەون، بەڵێ بەهۆی کارکردنم لە کۆمپانیای زامنکردن خووم بەوگەڕانەوە گرتووە. بەڵام بۆ بە تایبەت سەردانی تۆم کردووە، چونکە تۆ لە پێناوی مندا ئازارێکی زۆرت چەشت.

+ بەڕێز گریگۆری

– بەڵێ.

+ باشە بارودۆخی دەروونیت ئێستا چۆنە، ئایا تۆ دڵشادی یا خەمباری بەو چارەنووسە؟

بەلاتینی وەڵامی دامەوە و گوتی (OMNES UNA NOX MANET) واتە کەس لە قەدەری خۆی ڕزگاری نابێ. هەڵسام، لێی نزیک کەوتمەوە لەسەر چینچکان دانیشتم و بەو پەڕی سۆز و خۆشەویستی دەستم بەپشتیدا هێنا و گوتم – ئازیزەکەم کەس لە قەدەری خۆی ڕزگاری نابێ، ئەوە ئازادییە ئەی (گریگۆری) کاتێک ئازادییەکە لەگەڵ دەروونی خۆمان جێمان دەهێڵێ تەنها ئاژاوەی ناو گیانی خۆمان دەدۆزێتەوە.

– بەڵێ... بەتەواوی!

+ گریگۆری بەڕێز دەتوانم چیت پێشکەش بکەم؟

– هیچ شتێک... هیچ شتێک، سوپاس کە بەخۆشەویستییەوە گوێت لێ گرتم، ئەمەش زۆرە.

+ لەکۆتاییدا ئایا گریگۆری لە دواساتدا پێت وایە تۆ لەو ململانێیە درامییە سەرکەوتوو بوویت، یا شکستت هێناوە؟

– ئازیزەکەم جەلیل شکستێکی گەورە هەزار سەرکەوتنی بچووکی

بەقوربان بێ، خۆ لە دوای خۆم ڕەنگە هیچ سیسرکەیەکی تر نەبێ!!

چەشنی ســـوارێک ســـەرباری پێکهـــاتە ئاڵۆزەکـــەی خـــۆی، بۆم چەمـــایەوە، پاشـــان بە جـــوولەیەکی لەســـەرخـــۆ و بەنەرم و نیـــانی ساڵۆنەکەی جێـهێشت، دوای کەوتم لە دەرەوە بینیم، لەزەوی بەرز بۆوە لە ئاڕاستەیەکدا فڕی، لە ناکاو باڵندەی سەیر لەکاتی ئاسمان بڕینیدا نووزەیەکی خەمناک و پڕ لە ئازاری لێوە دەهات.

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (٥) ساڵی ١٩٩٩ل ٤٦– ٤٨

# کاروانی ئەسکەندەر

کلشان بەیاتی

دایکم دەرگای ئەو باسەی داخست کە پوور نەجمە دەستی پێکردبوو، هەرکە بینیمی خۆم دەکەمە ئەو ژوورەی کە بەیەکەوە کۆی کردبوونەوە،بۆیە باسەکەی بەتەواوی گۆڕی. پوور نەجمە پەشۆکاو زمانی تێک ئالا، هەرکە بینی دایکم چاوی لێ دەنووقێنێ چونکە تازە خەریک بوو بەناو باسەکەدا ڕۆبچێ و بەبنج و بناوانی ئەو ڕووداوەدا بڕوا . کە پێشتر ناوەڕۆکەکەی دۆزیبۆوە. باسەکە هەڵپڕوکا ، ئەندامەکانی بڕان، پاشان بەتەواوی و زۆر لە سەرخۆ لە باریەک ترازاو لە هەوای ژوورەکەدا ون بوو، لەبەر ئەوەی پێشتر چەندین جار لەگەڵ دایکم و پوور نەجمەدا دانیشتبووم سیماکانی هەقایەتەکەم لای



خۆم کێشاو بۆم ڕوون بۆوە ئەم مەسەلەی لێی دەدوان زۆر ئاڵۆزە، بابەتەکەش لەسەر یەکێک لە ئافرەتە سەر لێشێواوەکانە هەر وەک پوور نەجمە پێناسەی کردبوو. مەسەلەیەکی ژنانەی ڕووتە بەڵام کرایە کێشەیەک کە چارەسەر کردنی ئەستەم بێ، بۆیە دایکم حەزی نەدەکرد لە کۆبوونەوەکانیدا بەشداربم بەو بیانووەی کە مەسەلەیەکی بۆگەن و وشک هەڵاتووی لەم چەشنە هەر زوو بۆن و بەرامەکەی پەرت دەبێ و بەپەلەش بڵاو دەبێتەوە، لەم ڕەفتارەی دایکم گەیشتم و زانیم دایکم دەسووڕێ و دەگەڕێ دیوار و شوورایەک ڕۆ دەنێ و بڕیارو فەرمایشتی وا دەردەکا ، هەرکاتێک هەست بەوە بکات قسەیەک لە ئارادایە ئەوە نایەوێ ئێمە بۆنی بکەین و تێوەی بگلێین. لە سەرەنجەکانی پوور نەجمەو سیما توندو تیژەکانی دایکم ئاڕاستەو گۆشەکانی مەسەلەکەم دەستنیشان کرد، بابەتەکە بڵاوبۆتەوەو بۆنەکەی دوو ڕۆژ پێشتر تەشەنەی کردبوو، ژنان و کچانی گەڕەک دەیان گوتەوە و هەواڵەکە گەیشتە ماڵەکەی ئێمەش، بەڵام دایکم خۆی وا نیشان دەدا کەوا کچ و نەوەکانی لێی بێ ئاگان، پوور نەجمە دەیچرپاند هەواڵەکە بشارێتەوەو بەدەم بایدا بدا ، کەش و هەوای ماڵەکەی پاکەو نایەوێ گەردو تۆزی لێ بنیشێ، بەڵام یەکێک لە نەوەکانی بەگوێی یەکێکی تری چرپاند و قسە و باسەکە لەناو ماڵەکەدا دەسووڕایەوە، گەیشتەلای دایکم، بەڵام ئەو هەواڵەکەی بەدرۆ خستەوەو گوتی: قسەیەکی هەڵبەستراوە: کچەکە لەبەر ڕێک نەکەوتن لەسەر مەسەلەی شووکردنی چووەتە ماڵی خاڵی کە دەکەوێتە دەوروبەری شار، دایکم بەم شێوەیە بیانووی بۆ هەواڵەکە هێنایەوە گوتی باسەکە ببڕنەوەو نەکەونە گوناهەوە چونکە باس کردنی خەڵک

غەیبەتەو خواش ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە عەیب و نهێنی خەڵکی تر ئاشکرا دەکەن. زۆری نەخایاند براژنەکەم ڕووداوەکەی دووپات کردەوە و گوتی کچەکە لەگەڵ لادێییەک ڕای کردووە کە بەڵێنی شووپێکردنی پێ دابوو. دایکم کەمێک مات بوو، سیمای شێواو چاوی بڕییە بنمیچی ژوورەکە، پێڵووەکانی جوولاند و کەوتە دووان: لەوانەیە وێکچوون و تێکەڵییەک لەقسەو ڕووداوەکاندا هەبێ. زۆرجار چەندین ڕووداو پێک دەچن. دوو ڕووداو یان زیاتر لە یەک ڕووداو یەک دەگرنەوە. جاری واش هەیە قسە و باسەکان تێکەڵ دەبن و دەبنە هۆی ئاڵۆز بوونی مەسەلەکەو ڕووداوەکان. دووبارە بێ دەنگ بۆوە، لە بێدەنگییەکەی خۆیدا نوقوم بوو زانیم چی لە مێشکیدایە. چەندین باس و هەقایەت لە هزرمدا ڕێچکەیان دەبەست، دایکم بەشێوەیەک و پوور نەجمەش بەشێوازێکی پێچەوانە بۆیان گێڕابوومەوە، بۆیە چەندین حاڵەت لە هزرمدا چەسپا بوو، دایکم ڕووداوەکەی بەچەندین شێوە هۆنیبۆوە. هەر شێوەیەک جیا لە شێوەکەی پێش خۆی، هەرچەندە هەموو جارێکیش هەریەک ناوەڕۆکی هەبوو. ڕۆژگار زۆر کاریشی لە بیر کەوتنەوە و هزرمدا کردبوو. بەڵام دەمتوانی ڕووداوەکە بەبیر خۆم بێنمەوە چەند شتێکم بەوردی بەبیر دێتەوە هەر وەک چۆن لە دایکمم بیستبوو دەڵێن یەکێک لە کچانی گەڕەک بزر دەبێ لە سەردەمێکدا کە خانووەکانی گەڕەک شانیان بەشانی یەکتردا بوو، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزیان لە نێواندا هەبوو، دایکم گوتی: ڕۆژگارێک بوو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی توندو تۆڵمان لە نێواندا هەبوو، هەر وەک ئێمە لە گەڕەکدا یەک خانوو بین و هیچ شوورە و دیوارێک لەیەکمان جیا نەکاتەوە، ژیان گۆڕا، سیمای



خانووەکان شێوان، کۆڵەگەکانی گەڕەک ڕووخان و دەروونەکان بۆگەنیان کرد گوتیان کچەکە بەدوای ئەو پیاوە لادێییە کەوت کە بۆ کەلوپەل کڕین هاتبووە شار، هاتبووە خوازبێنی، کچەکەش چونکە زۆری خۆش ویستبوو، بەڵام باوکی و براکانی شمشێریان بەڕوویدا هەڵکێشابوو، بۆیە لەگەڵ کچەو کەلوپەلەکانی ڕوویان لە شوێنێکی نادیار کرد کە هیچ کەس نەیگاتێ- کچەکە بەحاڵەتێکی پڕ لە نائومێدی و هیوا بڕاندا ڕەت ببوو ویستی بەشەمەندەفەر و کاروانەکە ڕابگا، خەریک بوو مێشکم بەدوای بیانووەکانی ڕاکردنەکەیدا دەگەڕاو خۆیشم بینییەوە لەگەڵ ڕووداوەکەدا تێکەڵ بووم و کەوتمە ناو گێژاوی ڕووداوەکە. کچەکە تەمەنی چەند بوو؟ دایکم بێ دەنگ بوو، پەشۆکا سەرنجێکی تیژی تێ گرتم و هەر زوو لە مەبەستی گەیشتم و منیش نقەم لێ بڕا، هەواڵێکی دیکە بڵاو بۆوە و لەناو خەڵکیدا دەنگی دایەوە، بەڵام بەشێوازێکی تر، لە هەواڵە کەدا هاتبوو کەوا کچەکە ئارەزووی ئەوەی کردبوو لە پایتەختدا نیشتەجێ بێ و لە تەنگی و ناخۆشی خانووەکانی گەڕەک ڕزگاری بێ، کە بێزی لێ دەکردەوە و هیوای دەخواست لێی دوور بکەوێتەوە. دایکم ئەوەشی خستە سەر کەوا خانەوادەی کچەکەش لە گەڕەکەکە کۆچیان کردو تا هەتایە بزربوون. پاش ئەوەی هەواڵی کچەکە و پیاوە لادێیەکە ئالای خێزانەکەی داگرت و ناوبانگی زڕاندن. چرای ڕووداوەکە ماوەیەک کوژایەوە، بەڵام زۆر بەپەلە جارێکی دیکە سەرەتای هەقایەتێکی تر پەیدا بوو کە کچێک لە ئاکامی تایەکی بەهێزدا و پاش چەندین ڕۆژ نەخۆشی بۆ دایکی گێڕابۆ وە، هەرچەندە دایکەکە گوتبووی کچەکەی وڕێنە دەکاو شتەکان تێکەڵ یەکتر دەکات. لە قسەی کچە تا لێهاتووەکەدا هاتبوو

کەوا بەسەرهاتەکە هەرگیز بەو شێوەیە نەبووە کە خەڵکی باسی دەکەن هیچ شتێکی لەم بابەتەش ڕووی نەداوە، چونکە ئەو کچەی کە ون ببوو مامۆستا بووەو ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزی هەبووەو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزیش بووە. بۆیە مەحاڵە ناوبانگی خۆی بزڕێنێ و پایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لە نێو خەڵکیدا بدۆڕێنێ. کچە نەخۆشەکە لە درێژەی قسەکانیدا بۆ دایکی گوتبووی مامۆستایەکەی کاتێک لە پێش چاوان ون بووە کە وێنەی ئەو ڕاپۆرتانەی کچە قوتابییەکانی کۆکردۆتەوە، کە پێشتر خۆی بەمەبەستی یارمەتیدانیان لە وانەکەدا داوای ئامادەکردنی لێ کردبوون. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان کۆ دەکاتەوەو پاشان لەسەر یەکێک لە ڕاپۆرتەکان دەوەستێ و هیچ ڕاپۆرتێکی تر وەرناگرێ. زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر لێوانی، نێوچەوانی دەگەشێتەوە، هەروەک شتێکی گرینگی دۆزیبێتەوە لە ناوەڕاستی هۆڵەکە دادەنیشێ و دەکەوێتە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە، پێ دەکەنێ هەر بەدەم پێکەنینیشەوە هۆڵەکە جێ دەهێڵێ، کچە قوتابییەکە واقی وڕ دەمێنێ، کاتێک هاوڕێکانی دەوری دەدەن و پرسیاری لە بارەی ڕاپۆرتەکە لێ دەکەن، چونکە جیا لە گشت قوتابییەکانی تر کچەکە ئاستی خوێندنی نزم و تەمبەڵ بووەو لە هەڵسوکەوت کردنیشدا وریا نەبووە. کچە تا لێهاتووەکە درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ پێمان سەیر بوو قوتابییەکی کەمزان ڕاپۆرتێک ئامادە بکا، مامۆستا ئەوەندەی بەدڵ بێ لەخۆشیانا بکەوێتە پێکەنینەوە پێمان وا بوو کچەکە ڕاپۆرتێکی زانستی بۆ مامۆستا ئامادە کردبێ، هەروەک خۆی بۆی دەستنیشان کردبووین، لەبەر ئەوەی پێی گوتبووین ڕاپۆرتێکی زانستی بنووسین، ناوەڕۆکێکی مرۆڤانەی هەبێ و سوود



بەگشت مرۆڤایەتی بگەیەنێ، کچەکە دەمێک بێ دەنگ بوو بەڵام کە کچەکان زۆریان لێ کرد، دانی بەوە دانا کەوا ڕاپۆرتەکەی سەبارەت بەگەشتەکەی– ئەسکەندەر– بووە بۆ زەوی تاریکستان، بێ دەنگ بووین لەیەکتری ڕاماین و لە کچەکەمان پرسی باشە ئەسکەندەر بۆ ڕووی لە خاکی تاریکستان کرد؟؟!. کچەکە زمانی تێک ئالاو پاش کەمێک دانی بەوە دانا ئەو ئەسکەندەر ناناسێ و ناشزانێ خاکی تاریکستان کەوتۆتە کوێ و لەبەر چیش بۆ ئەوێ چووە. هەموو بەڕوویدا هەڵشاخاین و بەیەک دەنگ گوتمان باشە ئەی بۆ لەسەری دەنووسی و بابەتێکی زانستی لێ دروست دەکەی، نەکەی جارێکی تر ڕوو لە قوتابخانە بکەی. پێش ئەوەی بۆمان ڕوون نەکەیتەوە – ئەسکەندەر– ئەو شوێنەی بۆ هەڵبژاردووە کچەکە گوتی پێم وایە خاکی تاریکستان زەوی نائومێد و هیوا بڕاوانەو خوازیارانی ئاوات و برایەتی یەکجارەکی ڕووی تێ دەکەن. هەر ئەوەندەو کچەکە هیچی تری نەدرکاند. مامۆستا لە قوتابخانە دابڕاو بەڕێوەبەرایەتیش فەرمانی لەسەر کار لابردنی بۆ دەرکرد. لەبەر جەختکردنی قوتابییەکانیش لە خاوەن ڕاپۆرتەکە، تا هۆی کۆچکردنی– ئەسکەندەر– بۆ خاکی تاریکستان ڕوون بکاتەوە. ئەویش قوتابخانەی جێهێشت، پاشان باوکی هێنایەوە بۆ قوتابخانە و بەبەڕێوەبەری ڕاگەیاند کەوا کچەکەی گێلە و هیچ لە بارەی گەشت و گەڕانەکانی– ئەسکەندەر– نازانێ و داوای لە قوتابییەکانیش کرد لە مەودوا وازی لێ بێنن.

کە دایکم یەکەمجار ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە بوو بەمایەی سەر سووڕمانم و ئەم ڕووداوە پاڵی پێوەنام لەناو کتێب و سەرچاوەکاندا بەدوای هۆکارەکانی گەشتەکەی– ئەسکەندەر–دا بگەڕێم بۆ خاکی

تاریکستان. بەڵام پوور نەجمە پێی گوتم پێویست بەو هەموو گەڕان و خۆ ماندوو کردنە ناکات. مەسەلەکە وەکو ڕۆژ دیارە. هەقایەتی ئەسکەندەریش وەکو هەموو هەقایەتەکانی تر لای هەموو خەڵک ناسراوە. ئەسکەندەر سوپا و هێزێکی زۆری کۆکردەوەو سنوور و دۆڵ و چیا و کیشوەر و ئۆقیانووسەکانی بڕی. بۆ گەڕان بەدوای ئەو کانییەی کە ئاوەکەی ژیان درێژ دەکا گەشتێکی ناخۆش و پڕ لە مەترسی ئەنجام دا هەموو پێداویستییەکی بۆ ئامادە کرد . تا بەو کانییە بگات. پوور نەجمە لە قسەکردن وەستاو گوتی ناتوانم درێژە بەگێڕانەوەی هەقایەتی ئەو پیاوە بدەم کە شەو و ڕۆژ لە خاکێکی وشک و چۆڵدا بووە. پێم وایە– ئەسکەندەر– دەمرێ و هیچ کامیش لە سەرباز و سەرکردەکانی هەستی پێ ناکەن و دەڵێن گیانی هەرماوەو درێژەی بەگەشتەکە داوەو لە تاریکیدا بەدوای کانییەکدا گەڕاوە و گوتی ڕاستی و ناڕاستی ئەو هەقایەتە نازانم، منیش لە داپیرەم بیستووە دایکیشم بۆی گێڕاومەتەوە و هەقایەت و بەسەرهاتەکانیش هەروان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراونەتەوە خۆشم زۆر لە هەقایەتی ئەسکەندەر و ئەو گەشتە سەیرەیمدا نەکۆڵییەوە بۆ خاکی تاریکستان، هەر وەک چۆن پوور نەجمە بۆی گێڕامەوە، چونکە هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییەو پێم وایە هەقایەت و ڕووداوێکی ئاساییەو دێ و دەڕوا . بەڵام هەندێک جار خۆمی پێوە خەریک دەکەم و لەگەڵ خۆمدا دەدوێم و لێی دەکۆڵمەوە. هەقایەتێکی دیکە لە شێوەی ئەم ڕووداو و هەقایەتە بۆ خۆم دادەڕێژم و دەهۆنمەوە، وای دادەنێم هەقایەتەکەی ئەسکەندەر تەواو بێ هەروەک لە سەر زاری پوور نەجمەدا بیستم، ئەسکەندەر و گیانەکەی لە ئاسماندا بسووڕێنەوە و بەدوای ئەو



کانییەدا بگەڕێن کە ئاوەکەی درێژە بە ژیان دەدا . گومانی ئەوە دەبەم ئەو کچەی لەبەر چاوان ون دەبێ، پاش ئەوەی ژیاننامەی ئەسکەندەر دەخوێنێتەوە، ئەوە دەگاتە ئەو کاروانەی کە ڕوو لە خاکی تاریکستان دەکات، یا هەر نەبێ خۆی بۆ ئەوە ساز کردووە کۆچ بکاو لە شوێنێک چاوەڕوانی کاروانەکە بکات کە پێی وابووە کاروانەکەی گەیشتووتێ و یا بەم نزیکانە دەیگاتێ. هەقاتەیەکە هەر چۆنێک بێت، وای بۆ دەچم گەشت و کۆچکردن کچەکەیان هوشیار کردبێتەوەو لە شوێنێک بۆ گەڕان وەستا بێ، یاخود لە ڕێگا ئەو شتەی دۆزیبێتەوە کە بۆی چوو بوو، لەوە دڵنیا بووە کە گەشتەکەی ئەسکەندەر تەنها هەقایەتێکە و هیچی تر و نە سوودی هەیە نە زیان، یا هەر نەبێ لە ڕێگا چاوی بەدانایەک، فەیلەسوفێک، یا ئافرەتێکی وەکو دایکم یاخود پوورە نەجمە کەوتبێ و بەسەرهات و چیرۆکی تریان بۆ گێڕابێتەوە و هەقایەتێکی جیایان بەگوێدا چرپاندبێ. بڕوای بەتەواوی گۆڕابێ، ژیان هەقایەت و چیرۆکی سەیرو سەمەرەیە، دایکم دەیگوت ڕۆژێک دادێ هەر مرۆڤە و بەشێوازێک بەدوای ژیانی خۆیدا دەگەڕێ و لە شتێکیشدا دەیدۆزێتەوە. ژن بەختەوەری خۆی لە پیاو و پیاویش دەبێتە نیوەی یا هەر هەموو بەختەوەری ئافرەت. ئەوە لێکدانەوەی منە بۆ هۆی ونبوونی ئەو کچە، چونکە بەختەوەری خۆی لە پیاوە لادێیەکەدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ خۆمدا گوتم ئەمە بۆچوونی دایکمە هەرچۆنی بوێ وا ڕەفتار دەکا . ئەگەر بۆچوونەکەشی ڕاست بێ و وای دادەنێم بۆچوونەکەی و لێکدانەوەکەی لە بارەی کچەکە کە گومڕاو ون بووە و ناوی کەوتە نێو ڕووداوو سەربوردەکان ڕاست بێ، پێم وایە گیانی ئەسکەندەر لە گەڕان و سووڕاندا وەستابێ، و هیچ پاساوێکیش

بۆ گەڕان نەمابێ چونکە یەکێکی تر دەستی بەسەر کانیی ژیاندا گرتووەو ئێستا کانی و ژیانەکە تەنیا هی ئەون. گومان لە زۆر شتی تریش دەکەم و لە داڕشتن و داهێنانی هەقایەتێکی نوێ لەناو هەقایەتە کۆنەکاندا دەوەستم، کاتێک لەوە دڵنیا دەبم کە تازە پێویستم بەداڕشتن و هەڵبەستنی هەقایەتەکان نییە، دایکم گوتی واز لە داهێنانی ئەم هەقایەتانە بێنە هیچ کەڵکێکیان نییە، ژیان ئەزموون و کارکردنە، مرۆڤیش سوود لە تاقیکردنەوەکان وەردەگرێ، بڕوام بەگوتەکانی دایکم هێناو دەستم لە داهێنانی هەقایەتەکان هەڵگرت. ئێستا هیچ هەقایەتێک لەناو هەقایەتێکی تر دروست ناکەم. هەروەها دایکم گوتی ژیان هەڵە، مرۆڤی زیرەکیش ئەوەیە هەڵەکان بقۆزێتەوە کە هوشیارو بەئاگا دەبم، ئارەزووی داڕشتنی هیچ هەقایەتێکم نابێ. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە من هەموو کاتی خۆم بە کارکردنەوە بەسەر دەبەم بەڵام کە دەچمە سەر جێگای نووستن، ئەو ئارەزووەم زیندوو دەبێتەوە و خۆم لە تویی هەقایەتێکی تازەدا دەبینمەوە. شەوێکیان کەمێک خەواڵوو بووم پاش ئەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن تەواو بوون و دایکم و پوور نەجمە هەر زوو بەزوو خەوتن، من خەوم زڕا بیرۆکەی دانیشتنی باخچە و چێژ وەرگرتن لە دیمەنی شەو و تاریکیم کەوتە مێشک. کاتژمێر (٣) تێپەڕی کردبوو. بایەکی ساردو خۆش دڵی بووژاندمەوە، چەندین بۆنی خۆشم لەگەڵ هەوا ساردەکەدا هەڵمژی، هەستم بەتینوویەتی کرد، ڕووم لە بۆڕی ئاوەکە کرد، گەردە لوولێکی گەورەم بینی بایەکی بەهێز دەیهێنا کە لەلایەکی تاریکەوە هەڵی کردبوو تاریکییەک کە دووکەڵی لێ هەڵدەستا، گوێم لە ترپەی پێی ئاژەڵەکان بوو بەتوندی بەزەوی دەکەوتن لەگەڵ چەند دەنگێکی پچڕ



پچڕ و لە دوای یەک، هەراو دەنگە دەنگێک پەیدا بوو، ڕووناکی لە ژووروو ڕاڕەوەکان کوژایەوە، بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا، گوێم لێ بوو یەکێک بەهاوەڵەکەی دەگوت: بەکاروانەکە بڵێ ئەمشەو لێرە پشوو دەدەین و دەمێنینەوە!!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (٥) ساڵی ٢٠٠٢ ل٧٢-٧٤

# سەر و جاتتا

عەدنان ئەحمەد ئەلروبێعی

من بەڕاستی گۆڕاوم، چونکە دەستم دایە کارێکی ترسناک و بەهێمنی و بێدەنگی جێبەجێم کرد... بەچێژ وەرگرتنەوە، بەڵێ پیاوێکی ڕاستەقینەم بەبەزو خوێنەوە کوشت کە ناوی ڕێسانی گۆڕ هەڵکەن بوو، چاوەدێریم کرد، پاشان شوێنی کەوتم و تەقەم لێ کرد، لە نێو چەوانی بەتەواوەتی لە نێوان هەردوو چاویم دا. ئینجا وەکو بزن سەرم بڕی. سەریم بەدەستێک لە لەشی جیاکردەوە کە هەرگیز نەدەلەرزین. بەدوو چاویش تێم دەڕوانی کە ببڕای ببڕ نەدەتروکان. بەبێ دڵەڕاوکێ سەریم بڕی، بەپوختەیی، پاشان سەرەکەم خستە زەرفێکی نایلۆن و کردمە ناو جانتا پێستەکەمەوە، کە ڕەنگی سوورە، ئا ئەوەتا



پشتێنە چەرمە درێژەکەی بەسەر شانی چەپمەوەیە و لە تەنیشتمەوە دەتەکێتەوە، ناولەپی دەستی چەپیشم بەهێمنی لەسەر ئەو کەلێنە دەگیرسێتەوە کە سەرە بڕاوەکە لەناو جانتاکە دروستی کردووە، بوومەتە مرۆڤێکی دیکە، ئێستا بەشەقامەکاندا دەڕۆم و سەری بڕاوی مرۆڤێکم لە جانتاکەمدا هەڵگرتووە. نەشێتم و نەوڕێنەش دەکەم، نەهۆشیشم لە دەست داوە، هەر ئەو کاتەی بڕیاری کوشتنیم دا، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەزمەی پێ کردم پلانم بۆ هەموو شتێک داڕشت، هەموو شتێک بەچاکی بەڕێوە چوو. ئێستا هیچم نەماوە تەنها بچمە کتێبخانە و بۆ دەستخەرۆدانیش سەردانی بنکەی پۆلیس بکەم، پاش ئەوەی وەکو جاران سڵاوێکی گەرمم لێکرد بەخاوەن کتێبخانەکەم گوت: هیچم بۆ باس مەکە کارم زۆرە کتێبەکانت کۆکردۆتەوە؟

+ بەڵێ بێگومان، باوەشێک کتێبی خستە ناو زەرفێکی کاغەز و گوتی: ئەمە ئەو کتێبانەن کە شەیدایانی، گشتیان کۆنن، دانانیشی؟

هەر وەک پلانم بۆ دانابوو سەیری کاتژمێرەکەمم کردو خۆم وا دەرخست کە دواکەوتوومەو بەدەنگێکی بەرز:

– ئای دواکەوتم، بوو بە پێنج پێویستە دوای نیو کاتژمێر لە ماڵەوەبم وە دەبێ بچمە بنکەی پۆلیس دزییان لێ کردووم. کاتژمێر شەش بوو واتە کاتژمێرێک دوای کوشتنی ڕێسانی گۆڕهەڵکەن، کتێبەکانم خستە ناو جانتا سوورەکەوەو بەپەلە خواحافیزیم لێ کرد، هەستم بەوە نەکرد ئەوەی بەسەرما دێ سەیر بێ، بەڵام سەیرەکە ئەوەبوو ڕێسان لەناکاوو بەر لە ساڵێک زیاتر کاتێک سەردانی ئەو کتێبخانەیەم کرد لە بەرامبەرما دەرکەوت، ئەو دەمە کۆمەڵێک کتێبی کۆنم هەڵدەدایەوە، لە دواوە هەستم بەجووڵانەوەیەکی لەناکاو کرد،

ئاورم دایەوە سێ کەسم بینی لەگەڵ دوو پۆلیسدا ڕووبەڕووم دێن یەکێکیان ئاماژەی بۆ من کردو بەدەنگێکی باریک گوتی: ئەوە خۆیەتی...

دوو پیاوەکەی تریش بەدەنگ و جوولانەوە تایبەتییەکەی خۆیان ئەمەیان بۆ دووپات کردەوە، وە بەوە تۆمەتباریان کردم گوایە من خۆم بەئۆتۆمبیلی پیاوە دەنگ باریکەکەدا کێشاوە و ڕام کردووە. چووینە بنکەی پۆلیس هەرچەندی کردم سوودی نەبوو، لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا سوێندم خوارد، کە ئەویش بەشێوەیەکی سەیر سوور بوو لەسەر ئەوەی کەوا من تاوانبارم. وە پێشتر منی لە شوێنێک بینیوە کە بیری ناکەوێتەوە کوێیە و کەی بووە تا ئێوارەی ڕۆژی دوایی بەر نەبووم. دوای ئەوەی پیاوە دەنگ باریکەکە وەکو بەزەییەک بە من، لە داواکەی خۆی پاشگەز بۆوە، وە بۆ واق ورماویم دوای ئەوەی لە بینایەکە هاتینە دەرەوە پێی ڕاگەیاندم کەوا من دەناسێ و گوتی جاران بەیەکەوە لە گەڕەکێک بووین و دراوسێ بووین. بەنامۆیی سەیری دەموچاویم کرد، سەرنجی چاوە زەردە تیژەکانیم دا کە لە چاوی پشیلەیەکی فێڵباز دەچوون، بەپەلە لەپشت چاویلکەیەکی ڕوونی چوارچێوە جوان جوولەیان بوو، کورتە بالا، بەڵام تێک سمڕاو، بەدەنگە گڕەکەی گوتی:

+ هێشتا نامناسی من ڕێسانی گۆڕ هەڵکەنم.

چاوەڕوانی وەڵامی من نەبوو بەدڵنیاییەوە زەردەخەنەیەکی کرد، کە وەڵامم نەدایەوە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی

+ ناوم ڕسن بوو کوڕی سابیری گۆڕهەڵکەن.

ئەوکاتە یەکسەر بڵێسەیەک ڕووناکی لەناو سەرما هەڵگیرسا وە



وێنەی منداڵێکی لەڕی قژ بژم هاتە بەرچاو بەکراسە سپییەکەیەوە وەستاوە و دەگریێ، ئەوە ڕسنە! چۆن وای لێ هاتووە؟ بەمنداڵی خۆش گازاندە بوو، کەم یاری لەگەڵدا دەکردین، خۆشەویست نەبوو، ژنانی گەڕەک دەیان گوت ئامادەبوونی بەدبەختی لەگەڵدایە، لەوانەیە لەبەر پیشەکەی باوکی بووبێ، لەبەر ئەوەی باوکی گۆڕلێدەری شارەکەمان بوو ئێمەش لێی دەترساین و پێمان وابوو هاوڕێی جنۆکەو شەیتانەکانە...

– ئای، بەڕاست ئەوە تۆی... بەڵام؟

+ ناوەکەی خۆم گۆڕیوە... ئێستا باشترە.

– ڕاستە بەڵام هەرگیز خۆم بەئۆتۆمبیلەکەی تۆدا نەداوە، تۆ ئەوە دەزانی.

هەستم کرد تووڕەیی جارێکی تر سینگم گڕ دەدا . ئەو کەمێک شێوا بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و گوتی بمبوورە لێک چوون بوو، ئەو پیاوەی خۆی پیاکێشام تەواو لە تۆ دەکا. داوای لێبوردن دەکەم... هەر ئەو ئێوارەیە لە یەکتر دابڕاین، بەڵام مەسەلەکە دوایی نەهات چونکە لێک چوون نەبوو هەروەک ئەو دەیگوت بەڵکو ڕێسان چاودێری دەکردم خەریک بوو شوێنم دەکەوت. ئەو کات هەستم بەو شتە نەکرد ، چەند ڕۆژێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕی خەریک بوو لە بیری بکەم تا ئەو ڕۆژە شوومە هات کە بڕیارم دا ئۆتۆمبیلەکەم بفرۆشم. بەرۆژێکی خۆشم لە قەڵەم دا، هەر کە گەیشتمە پیشانگا یەکێک یەکسەر ئەو نرخەی پێ دا کە مەبەستم بوو، پارەکەشی دەمودەست پێ دام وە گەیاندمییەوە ماڵەوە بەڵام هەر کە شەو داهات پۆلیس ماڵەکەیان گەمارۆدام و دەرکەوت پارەکە ساختەیەو بەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە

پارەیە تاوانباریان کردم، نە قسەکانم نە قسەی شایەدەکان نەخاوەن پیشانگا نە بۆندی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکە سوودیان نەبوو، مانگێک زیاتر لە ژوورەوە مامەوە، تا ڕێسانی گۆڕ هەڵکەن هەوڵی بۆ نەدام ئازاد نەکرام ئێوارەیەک لە ناکاو هاتە بنکەی پۆلیس و ئەفسەرەکە بانگی کردم کەوا بە کەفالەت ئازادم دەکەن و ڕێسان خۆیشی کەفالەتی کردم، بەسینگ دەرپەڕاندنەوە لای ئەفسەرەکە دانیشتبوو، جارجارە پەنجەی بەسەر ڕوومەتیدا دەهێنا. ڕێسان گەیاندمیەوەماڵەوە و سوپاسم کرد. ئەو دەمەی بۆ لە دەستدانی ئۆتۆمبیل و پارەکە دڵی دەدامەوە، پێی ڕاگەیاندم کەوا بەڕێکەوت بەلای بنکەی پۆلیسدا هاتووەو پەیمانی داوە هەوڵێک بدا و مەسەلەکە دوا بخات. چونکە بابەتەکە زۆر سانایە. لەو تەنگژەیە ڕزگار نەبووبووم کارەساتێکی گەورەترم تووش هات، لە کاتێکدا کە هیچم نەبوو باوکم دڵە کوتەی گرت و گیانی لە دەست دا بەڵام ڕێسان دووبارە لە پێشەوە بوو، هەموو شتێکی گرتە ئەستۆ ئەوەی پێی ڕاگەیاندم کەوا پێشتر پەیوەندی لەگەڵ باوکم هەبووەو بەبەردەوامی کاریان لەگەڵ یەکدا کردووە پێم سەیر بوو تەنانەت ئەوەی پێ گوتم کەوا باوکم لە دوارۆژەکانی ژیانی دووچاری نەبوونییەکی گەورە ببۆوە. بۆیە کارەکانی لەلا ئاشکرا نەدەکردم هەر دوای تەواو بوونی پرسەکەش ڕێسان هەواڵێکی نا خۆشتری پێ ڕاگەیاندم کەوا قەرزێکی زۆری لای باوکم هەیەو ئەویش ئەگەر زۆر پێویستی پێ نەبایە داوای نەدەکردەوە، لەناو سەرسوڕمانی هەمووان بەشەرمەوە چەند کۆمپیالەیەکی دەرهێنا کە پەنجە مۆری باوکمیان لەسەر بوو، کەس باوەڕی بەوە نەکرد، پێویست بوو پۆلیس و توێژەر وپسپۆڕان



بێنە ناو مەسەلەکەوە، دوای چەند مانگێک لە ئازار و مەینەتی ڕێسان دەستی بەسەر هەموو ئەو شتانە داگرت کە باوکم جێی هێشتبوون، ئەو بەڵگانەی پێشکەشم کردبوون هیچ کەڵکیان نەبوو چونکە کۆمپیالەکانی ئەسڵی و باوەڕپێکراو بوون و لەلایەن شایەدە زیندووەکان مۆرکرابوون کە گەورەترین سوێندیان لەسەر ئەوە خوارد کەوا باوکمیان بینیوە ئەو پارانە وەرگرێ و کاغەزەکان مۆربکا. خانووەکەم فرۆشت و شوقەیەکی یەک ژووریم لە گەڕەکێکی هەژار پەیدا کرد. لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی کۆن کە هەر زوو دزرا، بەدبەختی لە هەموو شتێک یەخەی گرتم، لە هیچ شتێکدا نەمبردەوە، هیچ پڕۆژەیەکم سەرکەتوو نەبوو گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەوا من زۆر نەگبەتم بەڕادەیەک کەس وەکو من نییە. هیچ گومانێکم لە ڕێسانی گۆڕ هەڵکەن نەما، لە بەرامبەریدا هەستم بەڕق و قین دەکرد. بەڵام لەبەر سروشتی لێبوردەیی خۆم و لەبەر ئەو هەموو بەڵگانەی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی پێشکەشی کردن و جارێکیشان لەبەر دەمما گریا. بۆیە بەوە ڕازی بووم کە بەسەرم هات، چونکە بینیم فرمێسک لە چاوە فێڵبازەکانی دەهاتنە خوارەوە، سوێندی خوارد کەوا ئەگەر زۆر پێویست نەبوایە داوای نە دەکردەوە، ڕێسان چەند مانگێک ون بوو، گوێ بیست بووم کە سەفەری دەرەوەی کردووە. کەوتمە ناو داوی خۆم، ژیانم زۆر زەحمەت بوو، هەموو خۆشییەکی دونیام بیر چۆوە چاوم بەهاوڕێ و ناسیاوەکانم نەدەکەوت نە دەچوومە لای کەس و نەکەسیش سەردانی دەکردم. وازم لە ڕاوەدوونانی ئافرەتان هێنا، بەڵکو تەنانەت بیرۆکەی ژن هێنانم لە مێشکمدا دەرکرد. سوپاسی خوام کرد کەوا بێ خێزان بووم، ئەگینا منداڵەکانم لەبرسا دەمردن،

بەم جۆرە مامەوە تا ڕووداوێکم تووش هات هەموو شتێکی سەرەو ژوور کرد وە کردمیە دڕندەیەکی تەواو، ئێوارەیەک دوای هیلاکییەکی زۆر کاتێک بۆ شوققەکەم دەگەڕامەوە، پیاوێکم بینی لە دەروازەی باڵەخانەکە چاوەڕوانیم دەکا. بەدوودڵیەوە لێم نزیک کەوتەوە و بەسەر سوورِماوییەوە تێی ڕوانیم دڵەڕاوکێی پێوە دیار بوو، دەستە لەرزۆکەکانی بۆ درێژ کردم و داوای لێ کردم بەپەلە بچینە سەرەوە، تا شتێکی گرینگم پێ ڕابگەیەنێ. ڕووناکی لە ناو شوققەکەدا کز بوو دیوارە ڕووتەکان نیگەرانییەکی زیاتریان بەشوێنە نیمچە تاریکەکە دەبەخشی، هەندێ کەلوپەل دووکورسی و مێزێکی تەڵخ، تاکە قەنەفەیەکی درێژ کە لە سەری دادەنیشم و دەخەوم. پیاوەکە بەوریاییەوە لەسەر سووچێکی کورسییەک دانیشت، چاوەکانی بریسکەی ترسیان لێ دەردەکەوت. بەزمانێکی تێک ئاڵاوە پێی ڕاگەیاندم کەوا ڕێسان لە ناوی بردووم!؟ ئەو وای دەرخست کەوا خۆم بەئۆتۆمبیلەکەی داداوەو ئەو لە پشت ڕووداوی پارە قەڵپەکان بووەو هەر ئەویش هانی چەند کەسێکی داوە ئۆتۆمبیلەکەم بدزن، ئەو بێ ڕادە ڕقی لێم بۆتەوە، وام هەست دەکرد پیاوەکە گیان دەداو وشەکان بەپەلە و بەیەکەوە لە زاری دەردەچوون. کارەساتی گەورەش ئەو دەمە بوو کە دوا بۆمبی تەقاندەوەو بۆی گێڕامەوە کەوا ڕێسان چۆن چەند کەسێکی ڕاسپاردووە گۆڕی باوکم هەڵدەنەوەو لە یەکەم شەوی ناشتنی لە گۆڕەکە دەری بێنن تاپەنجە مۆری لەسەر کۆمپیالەکان وەرگرن پاشان بیگەڕێننەوە ناو گۆڕەکە. لەناکاودا بەڕووی پیاوەکەدا هەڵشاخام و بۆ لای چووم، هەردوو لاشانیم گرت و ڕام هەژاند، ئەو هیچی نەکرد و تەسلیم بوو، لاشەی بەنەرم و خاوی مایەوە، چەند دەنگێکی بێ مانام لە دەم دەرچوو. نازانم چەند ئاوا ماینەوە وازم لە



هاوارکردن هێنا، پیاوەکەم بەردا کەوتە سەرزەوی و لە تەنیشتیدا دانیشتم و سەرم کردە نێوان هەردوو ئەژنۆم. دوای ماوەیەک بێدەنگی سەرم هەڵبڕی، ڕووناکی بەڕوخسارە ئێسقانییەکەی- دا دەرکەوت، بەچاوێکی پڕ لە ترس سەیری دەکردم، ددانە بەفرینەکانی دەرکەوت کە دەمە خاڵییەکەیان پڕکردبۆوە. دەنگەکەی بەکزی هاتە بەرگوێم و گوتی ئەو یەکێک بووە لە هاوڕێکانی ڕێسان، بەڵام ناکۆکییان کەوتۆتە نێوان وخۆی لە بەندیخانە بینیوەتەوە، پاشان نەهامەتی ڕووی تێ کردووەو هەموو شتێکی لە دەست داوە، ئەوەشی پێ گوتم کەوا ڕێسان لە ناوی دەبات. هەروەک چۆن منیش بەو ئاکامە دەگەیەنێ. پیاوەکە کڕبوو، دوودڵ بووم لەوەی کە مابێ، هەتا ئەو چرکەیەش هەر دوودڵم. چونکە نازانم پاش ئەوە چی ڕووی دا، پیاوەکە لە شوققەکە چووە دەرەوە یا تیایدا مایەوە، ئەگەر مرد تەرمەکەی بۆ کوێ چوو؟ ئەوەی بیرمە من هەر لەو ساتەوە بڕیارم دا ڕێسانی گۆڕ هەڵکەن بکوژم، بەر لەوەی ئەو من بکوژێ، ئا ئەوەتا سەرە بڕاوەکەی لەناو جانتاکەدایە. لەمڕۆ بەدواوە ناتوانێ بەدەنگە گڕەکەی کاسم بکا. یا دزی بکا، یاخود فێڵم لێ بکا. یا یەکێک بکوژێ. تازە چیتر چێژ لەو شتانە وەرناگرێ کە لە من و خەڵکانی تر دەستی دەکەوت. هەستم بە خۆشی دەکرد کاتێک بەهێواشی هەنگاوم دەنا، ئەفسانەی گۆڕ هەڵکەن کۆتایی هات. تەرمەکەی دەدۆزنەوە بەڵام کەس نایناسێتەوە. سەریم هەڵپاچی، تەنانەت جلەکانیشیم داکەند، کە لە بنکەی پۆلیس نزیک دەکەومەوە، بەتەواوی هەست بە سەرکەوتن دەکەم، دڵم بەپەلە لێدەدا، کاتێک ڕووبەڕووی دوا چرکە دەبمەوە، بەڵام چۆن بچمە ناو بنکەکەوە کە سەرێکی بڕاوم لەناو جانتاکەم هەڵگرتووە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا بەرەو بنکەی پۆلیس هەستکردن بەترس بۆ ناو دڵم ڕێچکە دەگرێ،

قاچم شل بوو، بۆ یەکەمجار حەزم لە گەڕانەوە کرد. باشتر وایە بگەڕێمەوە، بچمە قەراخ ڕووبارەکە و سەرەکە فڕێ دەمە ناو ئاوەکە. هەموو شتێک دوایی دێت، بەڵام پێم چاک بوو بەردەوام بم و پلانەکە بەتەواوی جێبەجێ بکەم، تەنانەت بەمردوویەتیش هیچ هەلێک بۆ گۆڕ هەڵکەن جێ ناهێڵم، بەهەنگاوی خێراتر چوومە پێشەوە. شتێک لە ناوەوەم بەهێمنی شەپۆڵە دەدا. ئەوسا لەناکاو لە شوێنی خۆمدا چەقیم، هەروەک بووبمە پەیکەرێکی بەردین، وام دەزانی دڵم لەنێوان قاچەکانمدا بەر دەبێتەوە ئاسمان گشتی بەسەر سەرمدا دەکەوێ، شتێکە باوەڕ ناکرێ، ترس بەجارێک تێکی شکاندم قاچەکانم خەجاڵەتیان کردم، خەریک بوو بەلادا بچم، وا لەوێیە ئۆتۆمبیلی ڕێسانی گۆڕ هەڵکەن وەکو مێروولەیەکی گەورە لەبەر دەرگای بنکەکە وەستاوە، خاوێن، دەبریقێتەوە، من باشی دەناسم، ئۆتۆمبیلی وەکو هی ئەو لەم شارەدا نییە، ئەمە چۆن ڕوودەدا؟ کێ بۆ ئێرەی هێناوە؟، لە ماڵەکەی، لە گەراجەکە بە کلیلدراوی جێم هێشت، کلیلەکانیشم دوای لە یەکتر جیاکردنەوەیان لەم شارەدا، لە چەند شوێنێک تووڕ هەڵدا، تا کەس بۆی نەدۆزرێتەوە، هەستم بەبوورانەوە کرد هەوڵم دا سەری خۆم ڕاگرم و نەکەوم، هەموو شتێک لە دەورو پشتمدا بەشێوەیەکی ترسناک دەسوورێتەوەو لە تاریکیدا نقوم دەبێ. ترسەکەم زیادی کرد، بێ پارێز لەسەر زەوییەکە دانیشتم و جانتاکەمم کردەوە... و سەرم کردە ناوی!!

لە کتێبە کۆنەکانی ناو کاغەزەکە بەولاوە هیچم لەناو جانتاکە نەدۆزییەوە!!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (١) ساڵی ١٩٩٩ ل٥٧-٥٩

# چاوەڕوانی چاوەکان ماندوو دەکات

مەهدی عیسا ئەلسەقەر

ئافرەتەکە چاوی بڕیبووە ڕێگاکەو گوتی: من وا هەست دەکەم ئەمڕۆ شتێکمان لەوانەیە پێ بگات. پیاوەکە سەرە سپییەکەی بۆ لای برد و گوتی: خوا بکات وا بێت! پیرەمێرد بەدەنگێکی کەمێک بەرز دەدواو دەمی بردبووە نزیک گوێی ژنەکە تا گوێی لێ بێ. هەردووکیان لە تەک یەکتری و هەر یەکەو لەسەر کورسییەکی دار لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیان لە ژێر سێبەری دارخورمایەکی بەرز کە لە ناو حەوشەکەبوو دانیشتبوون. بەجووتە بەکاری ڕۆژانەیان هەڵدەستان، کە چاوەڕوانی و هیوا بوو، پیاوەکە دەستەکانی دەخاتە سەر یەک و لەسەر سەری گۆچانەکە گیریان دەکات. گۆچانەکە لە نێوان هەردوو



قاچیدایە، بەڵام پیرەژن ڕێگای بەدەستەکانی داوە وەکو دوو گیانداری بچووک بەهێمنی لە باوەشیدا بخەون. لە دەرگای ماڵەکان، لە هەردوو لای کۆڵانەکە منداڵ، کچ، کوڕ دەردەچن، کتێبەکانیان هەڵگرتووە و ڕوو لە قوتابخانە دەکەن. پیاوەکانیش پەلەکردنیان پێوە دیارە، ماڵەکانیان جێ دەهێڵن و کۆڵانەکە هیچ جوولەیەکی تیا نامێنێ (دوێنێ شەو لە خەودا بینیم) ئافرەتەکە لە کاتی ئاخڤتندا سەیری پیاوەکەی ناکا، کەوا پێدەچێ خەیاڵ برد بێتیەوە، بێ دەنگیی پیاوەکە بێزاری دەکاو ئاوڕێکی لێ دەداتەوە و دەڵێ (گوێت لێمە). (بەڵێ، بەڵێ) وەڵامەکەشی بەسەر لەقاندنێک بۆ دووپات دەکاتەوە(لە خەودا بینم کوڕە بچووکەکەمان ئارەزووی ئەوەی دەکرد چێشتی بۆ لێ بنێم). ئافرەتەکە لە گێڕانەوەی خەونەکەی دەبێتەوە، بێ دەنگ دەبێ، پاشماوەی خەمێک بەڕوخساریەوە دەردەکەوێ لەدوای ئەوەش کات لەسەرخۆ دەڕواو بەبێ دەنگی چاودێری ڕێگاکە دەکەن، سێبەری دارخورماکە لەسەر قیرەکە گیر دەخوات، ئافرەتەکە ورتەیەک دەکات، پیاوەکە دەستێک دەخاتە سەر شانی (هێشتا زووە)، (دەڵێی چی؟)، پیاوەکە دەنگی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ (هێشتا کاتەکەی بەسەر نەچووە).

ئافرەتەکە دەستەکانی لێک دەخشێنێ، هەروەک خواردنێک تام بکات، هیچ ناڵێت چاوەکانی لەسەر ڕێگاکە چەقیون، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاتنە ناو کۆڵاندا بیبینێ، کە سواری پایسکلە کۆنەکەی بووە و جانتا چەرمە بچووکەکەی نامەکانی بە ملی پایسکلەکەوە کراوە و لە نێوان هەردوو قاچیدا تەکە تەکیەتی، پۆستە چییەکە لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو، بیان بینێ هەموو ڕۆژێک شان بەشانی یەکتر دانیشتوون و لە

ئارامییەکی سەیردا چاوەڕوانی دەکەن. کە پێ دەنێتە کۆڵانەکەش، بەر لەوەی بگاتە لایان هەڵدەسنەوەو چاوەکانیان خۆزگە و هیوایان لێ دەتکێ، لە بەرامبەریان دەوەستێ پایسکلەکەی کەمێک لار دەکاتەوە، قاچێکی دەخاتە سەر زەوی و ئەوەی تریشیان لەسەر پایدەری پایسکلەکەی جێ دێڵێ، بەسۆزەوە سەلامیان لێ دەکا، لەوکاتەدا چاوەکانیان بەدوای جوولانەوەی پەنجەکانیدا دەگەڕێن، چاوەڕوانی دەکەن. دەستی بکاتە ناو جانتاکەیەوەو بەپەنجە مەشق پێکراوەکانی لەناو کۆمەڵە نامەیەکدا یەکێکیان دەرکا یا زیاتر. بە زەردەخەنەیەکەوە پێیان بڵێ ئەمڕۆ ئەوەتان بۆ هاتووە!!! ئەگەرچی پۆستەچییەکە ماوەیەکە ئەم کارە ئەنجام نادا، هەموو ئەوەی پێی هەڵدەستێ زۆر بەنەرمی، هەروەک تاوانێکی لە بەرامبەردا کردبن، دەڵێ ببوورن هیچ نەگەیشتووە، لەوانەیە پۆستەکەتان هێشتا لە ڕێگابێ هەروەک پۆستەکەیان– دوور لە هەموو دروستکراوێکی خودا– لەسەر پشتی وشترەوە بێت. بەو گوتەیەش سەربارەت بەو پۆستە دواکەوتووە، کە ماوەیەکە دووبارەی دەکاتەوە، حاڵەتی خۆزگە و چاوەڕوانییان لەبار دەبا. کە سەباری هەموو ناخۆشییەکانی، تام و چێژێکی لێ بەدی دەکرێ. تام و چێژی پەیوەستبوون بەئاواتێکەوە، دەرگای خەون و خەیاڵ پلاوی و خوێندنەوەی ئەو نامانەیان بەڕوودا دادەخا کە هێشتا نەنووسراون. (من وا هەست دەکەم کەوا ئێمە... ). پیرەژن ڕستە گەشبینەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە، سێبەری دارخورماکە دەکشێتەوە، کە پێشتر لە گەرمی تیشکی ڕۆژ دەیپاراستن، هیچی لێ نامێنێتەوە تەنها سێبەری پەلکێک یا دووان نەبێت. کە لە دواوەیان لەسەر دیوارە سپییەکە دەلەرییەوە، گەڕانەوەی منداڵان و قوتابیان لە



قوتابخانەکانیان و فەرمانبەران لەسەر کارەکانیان دەبینن پیرەمێرد سەیری کاتژمێرەکەی دەکاو پاشان بە نابەدڵییەوە بەدەنگێکی بەرز دەڵێ(با بچینەوە ژوورەوە)، (تۆ بڕۆوە ژوورەوە) (هەتاوەکە ئازارت دەدا) پیرەژن وەڵامی ناداتەوە، پیاوەکە کورسییەکە بەدەستێک و گۆچانەکە بەدەستەکەی تریەوە دەچێتە ژوورەوە. ئافرەتەکە بەتەنیا دەمێنێتەوەو لە ناو چۆڵی و بێ دەنگی کۆڵانەکەدا چاوەڕوانی دەکات. پاش ماوەیەک هەست بەخاوبوونەوەی ئەندامەکانی لەشی دەکا. بەتەزوویەک کە لەناو سەریدا دەسووڕایەوە، خەو پەلاماری دەدا. شەپۆلێکی هێمن ڕاپێچی دەکا. لەگەڵ خۆیدا دەیبا، لە کەنارێکی فراونی دەریادا فڕێی دەدا کە لمەکەی لە ژێر تیشکی هەتاوی نیوەڕۆکەدا زێڕ ئاسا دەدرەوشایەوە دەیەوێ ئاوەکە لە جلەکانی خۆی بتەکێنێ بەڵام بۆی دەردەکەوێ کەوا جلەکانی وشکن و تەڕ نین. تەنانەت دڵۆپە ئاوێکیشیان بەرنەکەوتووە، بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات. دەیەوێ بزانێت شوێنەکە کوێیە. ئەوساتە دەبینێ، پۆستەچییەکە بەپایسکلە کۆنەکەیەوە زۆر بەخێرایی بەرەو ڕووی دێت، لەبەر دەمیدا دەوەستێ، لە پایسکلەکە دادەبەزێت بەگلەیی کردن و بەهەناسە سوارییەوە: تۆ لێرە دانیشتووی لەسەر ئەو لمە، ئەو هەوا خۆشەی دەریا هەڵدەمژی، منیش هەموو شوێنێکت بەدوادا گەڕاوم!! جانتاکەی دەردەکات، پایسکلەکەی جێ دێڵێ و بێ گوێ پێدان دەکەوێتە سەر لمەکە. (بیگرە) نامەیەکی پێ دەدا، (ئەمەش) جارێکی تریش دەست دەکاتە ناو جانتاکەی (ئەوەش سێیەمیان). پێ دەکەنێ گشت نامەکانی ناو ئەو جانتایە بۆ تۆن، ئەمڕۆ لە کچ و کوڕەکانتەوە گەیشتوون، هەموویان، هەر هەموویان، بەڵام پۆستە لە ڕێگادا دواکەوت!!

جانتا پێستەکەی بەرز دەکاتەوە، هەڵی دەگرێتەوەو لەناو کۆشی بەتاڵی دەکاو نامەکان بەسەریدا دەبارن تاڤگەیەک لە زەرفی ڕەنگاوڕەنگ کۆشی پڕ دەکەن و لەشی دادەپۆشن. چەشنی گردۆڵکەیەک لە نامە دەردەکەوێ کە تەنیا سەری تیایاندا بەرز دیارە. کە پیری پێوە دیار نەماوە و زۆر بەختەوەر دەردەکەوێ پۆستەچی پێ دەکەنێ و لەدەوریدا سەما دەکات،

جانتاکەی بەرز دەکاتەوە نامەی لێ هەڵدەوەرێ و ڕووی زەوی لە دەور و پشتی بەپۆشاکێکی جوان دادەپۆشێ و پیرەژنیش بەبەردەوامی بەبێ بڕانەوە دەچریکێنێ.

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (٦) ساڵی ١٩٩٩ ل٤٧– ٤٨

# خەمێکی دواکەوتوو

حەسەبەڵڵا یەحیا

خێرا، خێرا هەروەک ڕابکەن، یەکسەر تەرمەکەیان هەڵگرت و کردیانە ناو سندووقێکی دارەوە، پاشان خستیانە سەر ئۆتۆمبیلێکی کۆن، ئینجا سندووقەکەیان بەگوریس بەستایەوە، تا لە توندو تۆڵی دڵنیابن. لەگەڵ ئافرەتەکانی تردا وەستابوو، ئەوانەی جلێکی ڕەشیان پۆشیبوو. بەئاه و خەفەتێکی زۆرەوە لە دیمەنەکەی دەڕوانی، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس مابوو، کاتی ئەوە هات چاوەکانی بکوژێنەوە، یادگارییەکانی وەکو وێنەیەک بەرێکوپێکی دەهاتنە پێش چاو، کاتی ئەوە هات یادگارەکانی لە بیر بکا. چونکە ئەو تازە هەرگیز نایەتەوە، مردن لە بری ئەو هات، ئەم وای دەزانی مردن بۆ ئەو مەحاڵە،



یادەستی مردنی پێ ناگات و لێی یاخی دەبێ. زۆرانبازی لەگەڵدا دەکاو بێگومان بەسەریدا زاڵ دەبێ. ئەوەندەی چاوی بڕی دەکرد، تەرمێکی دەبینی لەناو سندووقێکی داردا، تەرمێک بەگوریسێک وا بەستراوەتەوە ناتوانێ بیپچڕێنێ، ئەم نییە بتوانێ لەناو سندووق و گوریس و ئەو خەڵکانە دەرباز ببێ کە دەوریان داوەو دەیانەوێ بەپەلە لە تەرمەکەی ڕزگاربن، بەپەلە... بەپەلە تا بۆگەنی نەکردووە، تا لەبەر بۆگەنییەکەی ڕایان نەکردووە، دەنگێک لە گەروویدا گیری خواردو نیازی وابوو بڵێ ئەو پەتەی بۆ شل کەنەوە، ئەو هونەری ڕاکردن نازانێ، با چەند کاتژمێرێکی تر لامان بمێنێتەوە. کات لای ئەو بەسەر چووە، پەلەی لێ مەکەن، ئەم لە ژیانیدا بەپەلە نەبوو، بۆ لێی بەپەلەن، تووڕە دەبێ، تکاتان لێ دەکەم تووڕەی مەکەن، شایانی ئەوە نییە کەس تووڕەی بکا. پەتەکان شل کەنەوە، لە توانایدا نییە، بەم جۆرە مەیبەستن، ئەم بەدەستەکانی بیر دەکاتەوە، نادوێ تا پەنجەکانی بەشداری قسەکانی نەکەن، جگەرە مەکێشن دووکەڵ بێزاری دەکا، شتەکانی بەڕوونی لەپێش چاوی خۆی دەویست، بەبێ دووکەڵ و تەپو تۆز، لە تەندروستی ئەمدا، چای ئێوارە بخۆنەوە، ئەم حەزی لە چای ئێواران بوو، دەتوانێ چێژ لەوە وەرگرێ کاتێک دەتانبینێ چای لەپێش دەخۆنەوە، ئەم کە حەزی لە چای ئێوارانە دەتوانێ چێژ لەوە وەرگرێ کاتێک دەتانبینێ  چای لەپێش دەخۆنەوە، ئەم کە حەزی لە چای ئێوارانەو لە توانایدا نییە پیاڵەیەک لەو چایە بۆ خۆی دابنێ، بەسیەتی ئێوە بیخۆنەوە، ئەی میوانە خۆشەویستەکانی، با هەست بکا کە بەخشندەیە، میوان دۆستە، بەئێوە دڵشادە، بەئێوە و ئەوانەی کە دێن و ئەوانەی ڕۆیشتن، ئەوانەی گەیشتن و ئەوانەی کە بڕیار وایە بێن وشە و وێنەکان بەخێرایی دەهاتن هەروەک زیندانی بووبێ و هەنووکە

ئازاد کرابێ، لەم چرکەی خوا حافیزییەدا، لەم ساتە یەکلا کەرەوەیە، نیازی وابوو بۆ هەمووویان بقیژێنێ و پێیان بڵێ: ڕێگای بدەن چۆنی دەوێ باوا بمرێ، ئەمە تاکە هەلە بۆی مابێتەوە تکاتان لێ دەکەم، لەم هەلە بێ بەشی مەکەن، بۆ تەرمەکەی لەژێر ئەو دارخورمایە نانێژن کە خۆشی دەویست با هەست بەشیرینییەکەی بکات، بەڵێ هەست بکا، مردوو هەست بەشتە شیرینەکان دەکەن، بەڵام شتە تاڵەکان، پێشتر تامیان کردووە، تیایدا ژیاون، لاشە و هزرو گیانیان لەناویدا پێگەییوە، لە تاڵیدا، لەو شتەی تیایدا حەشار دراوە، بیری دەکەوێتەوە ڕەقی ئەو وشە ناخۆشانەی هەندێک جاری بیر دەکەوێتەوە، داخوازییە زۆرەکان، تا کارێک بکا، خۆیشی باشی دەزانی کە بواری هیچ کارێک نییە، ئەم ئەو مرۆڤەیەکە هەمیشە شتێکی زیندووی بەردەوامی تیابووە.

+ پیاوەکە دوو کولێرەی وشک و دە دانە فەلافل بەشی دە سەر خێزان ناکا. زەردەخەنەیەک دەیگرێ – کەڵەشێرێک و چوار مریشک لە باخچەکەن و دەڵێ کەڵەشێرەکە سەر برە.

+ ئەی چوار مریشکەکە بێ کەڵەشێر بمێننەوە؟

دەبێ دان بەخۆیدا بگرێ چونکە ئەم لە پێناوی ئەواندا زۆری دان بەخۆیدا گرت. لە قووڵایی خەمەکان زەردەخەنەیەک دەیگرێ، دەیزانی ئەم ڕقی لەو کەڵەشێرە نەفرەت لێکراوە بوو، کاتێک بەسەر چوار مریشکەوە دەنازی و تەنها یەکێکیانی بەدڵ بوو، کاتێک پێنجەمیشی بۆ هات، بەتەواوی فەرامۆشی کردو دوای ماوەیەک لای لێ کردەوە. بەڵام هەمیشە دڵسۆزی یەکێکیان بوو، تەنها یەکێک، ئایا ئەمیش دڵسۆز بوو؟ نەدەڵێ بەڵێ نەبە(نا) وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئێستا دووپاتی دەکاتەوە کە خۆشی دەویست، هیچ ئافرەتێکی دیکەی نەبوو،



ململانێی لەگەڵ ئازارەکانی خۆی بەردەوام بوو چاوی بڕییە کوڕە تاقانەکەی، کە بەتەواوی مانای بێ باوکی نەدەزانی، ئەو دەمەی ئەو چارەسەری زامی دڵی خۆی دەکرد، هەندێک لە ئافرەتەکان سەیری ئازارەکانی ڕوخساریان دەکرد. بەشداریی خەمی بوون. دڵی دەدەنەوە، هەر ئەوا نیش دوێنێ گاڵتەیان بە هەژارییەکەی دەهات. توانجیان لەو کارە دەدا کە پیاوەکەی سوور بوو تیای بمێنێتەوە کاتێک زەردەخەنە ئاساییە بێباکەکەی دەردەکەوت، ئێستا کۆمەڵە کەسێک دەوریان داوە، ڕۆژانی داهاتووش کەس دەوری ئەوو کوڕە تاقانەکەی نادا. تەنها چوار دیوار نەبێ، لەگەڵ باخچەیەکی چۆڵ، هیچ شتێکی تیا نابینێ تەنها لە شوشەی پەنجەرەکەوە نەبێت. کە دار خورماکەشی لێوە دەبینێ. چاوەڕوانی دەکرد بەرەکەی پێ بگات و وەکو دیارییەک پێشکەشی ئەو هاوڕێیانەی بکات کە خۆشی دەویستن، کە ئەوانیش ئێستا سوورن لەسەر ئەوەی تەرمەکەی بەپەلە ببەن. تا بۆگەن نەکا، ئایا گیانە خێر خوازەکان بۆگەن دەکەن و هەروەک گیانە شەڕانییەکان پیس دەبن؟ ئەگەر ئەمە وابێت ئەی کوا دادپەروەری؟ داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد، گریا، کاتێک ئۆتۆمبیلە کۆنەکە دەرگای ماڵەکەی جێهێشت، دەستی بەرز کردەوە، تا بۆ دواجار خواحافیزی لێ بکا. کوڕەکەی لە باوەش گرت، هەروەک شتێکی لەترسی شکان لە ئامێز گرتبێ، لە ترسی توانەوە، دەیزانی مەینەتی، تەنها مەینەتی بووەتە هۆی مردنی، ئەو مەینەتیەی چەشنی خەنجەرێکی ژاراوی لە ناخیدا مەلەی دەکرد. لەو دەمەیدا بە زەردەخەنەیەکی بێ باکانە، ئازارەکانی سارێژ دەکرد، هەستی دەکرد پەشیمانی دڵی دەپێکێ کاتێک ڕقی لەو زەردەخەنەیە دەبۆوە، بەڵام ئێستا حەزی لێیەتی، حەزێکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو شتانە هەیە کە لە دەستی داون، خەوتن...

خەوتن بەدرێژایی ڕۆژ، نیگەرانی... نیگەرانی بەدرێژایی شەو:

+ تۆ بەپێچەوانەی هەموو خەڵکیت؟. بەزردەخەنەیەکەوە وەڵامی دەدایەوە. زەردەخەنەیەک کە دەیزانی بێزاری دەکا. بەڵام لە تەقینەوە باشترە، لەوە چاکترە بەڕوویدا هەڵشاخێ. با تووڕەیی خۆی بەجارێک ڕابگەیەنێ، گوێی بۆ دەنگوباسی هەموو دونیا ڕادەگرت، گشت ئێستگەکان تەواو دەبوون و دەرگاکانیان دادەخست تەنها ئێستگەی گیانی خۆی نەبێت کە گوێی بۆ بێدەنگی شەو ڕادەگرت، بێدەنگییەکی ترسناک، دوورنییە دزێک بیشلەقێنێ، یا سەگێک یا هەر شتێکی چاوەڕوان کراو، تاکە شتی چاوەڕوان کراویش دوور خستنەوەی نیگەرانییەکەیەتی. نیگەرانییەک بە شتی زۆر گرینگ و دوانەخراو خەریک دەبێ. شتەکانی وەکو تەندروستی، ئارامی، برسیەتی، ڕەفتاری خەڵک، فێڵ کردنیان، دووڕوویییان، قورسایی ئەوەی ببنە میوانێک توانای درێژکردنەوەی پردی گفتوگۆی لەگەڵیاندا نەبێ. قورسایی ئەوەی لەگەڵیاندا بدوێ، بەنوکتەیەک پێبکەنێ کە هەرگیز شایانی پێکەنین نەبێ، یان ئەو داواکاریانەیان بێنێتە دی کە هەرگیز تەواو نابن، قورسایی ئەوەی کە میوانەکان خزم و کەسی ئەم بن یا هی ئەو. ئەمێک کە لە چرکەیەکی بێ دەنگی دەگەڕا. لەشوێنێکدا کە پڕی خەڵکانێک بوو، تەنها خزمایەتی نزیکی دەکردنەوە، لەگەڵ نەریتی میوانداری لەپاڵ هەستکردن بەوەی کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێ لە خەڵکی دیکە جیا بێتەوەو لەگۆشەگیرییەکی تەواودا بژی. هەرچەندە ئەم گۆشەگیریە زیاتر لە خۆی نزیکە بۆ گیانی خۆشەویستترە. لە جیهانەکەی نزیکترە. هەستی بە تەنگانە دەکرد کە مرۆڤ بێت.

لەکۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بێت. هەموو شتێکی بۆ بپارێزێ، کە



لەلاوێتیدا زانیبووی، لەسەری پەروەردە ببوو، لە بارەیەوە خوێندبوویەوە، لەگەڵ خەڵکی تردا پیادەی کردبوو بەڵام ئەو سکاڵای ئازارەکانی خۆی بۆ ئەم دەکرد، ئازاری ئەوەی لە برسا بمرێ، لە کاتێکدا دەبوو خواردنێکی باش بۆ میوانە قورسەکان ئامادە بکات. ببێتە گێل، کەمتەرخەم، هەروەک هەموو خەڵکی، ڕازی بێت مافەکانی پێشێل بکرێت، بەدەست چەند نەخۆشییەکەوە بناڵێنێ، دزی لێ بکرێ، یا بکوژرێ، لە کاتێکدا ئەو هیچی نەبوو بەکەڵکی دزین بێت. هیچ ئازایەتییەکیش بۆ بکوژەکەی نییە، بەڵام مرۆڤە... ، دەبێ مرۆڤ گوێ لە هەموو شتێک بگرێ. هەموو شتێک جێبەجێ بکات. ڕای لە هیچ شتێکدا نییە، بەچەند وێنەیەک لەم لاو چەند وشەیەک لەو لادا لەگەڵی دەدوا. گوێی بەمجۆرە قسانە نەدەدا. لێی وەڕس دەبوو، تەنانەت هەستی بەوە دەکرد کە بەشداریکردنی لەوەی کە ئەمی تیایە بۆ ئەو کارێکی مەحاڵ بوو، ڕازیکردنی بەو خەمەی ململانێی لەگەڵ ئەو هێزەدا دەکرد تابەبێگەردی بمێنێتەوە، کارێکی ئەستەم بوو، یا وەکو پیاویکی بۆن خۆش بمێنێتەوە. لەکاتێکدا سەرتاپای لەشی بۆگەنی کرد بوو، خەمێکی دواکەوتوو، زۆر دواکەوتوو، بەم جۆرە هەستی دەکرد خەمێک تەنها خۆی کورتی و درێژییەکەی دەزانێ، خەمێک هەموو ئافرەتەکانی دەوروبەری بەشداری تیا دەکەن، ئەمیش بەتەنیا دەیزانی کە خەمەکەی مردن پێش دەخات، ئەو بێ ئاگایە لە خەمە بکوژەکەی، خەمێک سەرەتای نییە، بەڵام کۆتایی هەیە، سەرەتای خەمەکەی نازانێ، وا هەنوکە هەست بە قورساییەکەی دەکا، قورساییەکی گەورە... گەورە، لەکاتێکدا ئۆتۆمبیلە کۆنەکە سندووقەدارە بەگوریس توند کراوەکەی دوور دەخستەوە!!

* سەرچاوەی/ گۆڤاری آفاق عربیة ژ (٩-١٠) ساڵی ١٩٩٦ ل٦٨- ٦٩

# کلیلی زێڕین

گولیزار ئەنوەر

پێشتر هیچ خۆشییەکم نەدیبوو، بەقەد خۆشی ئەو دیارییەی کە داپیرم لە ڕۆژی دەرچوونمدا پێشکەشی کردم. بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی، لە سندووقە بچووکە نەخشدارەکەی زنجیرەیەکی زێڕی دەرکرد کە کلیلێکی بچووکی پێوە بوو، زنجیرەکە زۆر جوان بوو. بۆیە بە سەر سوڕمانەوە گوتم ئەڵڵا... چەند جوانە!

داپیرەم گوتی وەکو نزایەک بەکاری بێنەو بیکە ملتەوە. داوای لێکردم ڕووم وەرگێڕم و زنجیرەکەی کردە ملم، ڕام کردەلای ئاوێنەکە، دەستم بەکلیلە زێڕەکە داهێنا. تا هەست بەجوانییەکەی بکەم لەسەر



سینەم. بەگاڵتەوە گوتم: داپیرە تۆ بڵێی هیچ بکاتەوە؟ داپیرەم گوتی: لەوانەیە ڕۆژێک پێویستیت پێی بێت...

چەند ساڵێک بەسەر دەرچوونمدا تێپەڕی، داپیرەم کۆچی دوایی کرد، پاشان باوکیشم ڕێگای ئەوی گرت، ئینجا شووم بە پیاوێک کرد کە خۆشی دەویستم و خۆشم دەویست سەرەتا پسپۆڕییەکەمان بەیەکەوە کۆی کردینەوە، ڕۆژێکیان کە سەرقاڵی ئیشکردن بووین، بینیم سەیری سینگم دەکا، سەرم لەم کردەوەی سووڕما، چونکە ئەو کوڕێکی ڕێکوپێک بوو، هەرگیز پێشتر ئەم جۆرە کارانەی نە لەگەڵ من نە لەگەڵ کچەکانی تر نەکردبوو گوتم: چیتە؟ گوتی:. کلیلەکە؟. گوتم: کام کلیلە؟

گوتی: لەو ڕۆژەوەی تۆم بینیوە و کلیلەکە بەسەر سینگتەوەیە، من خۆم لە بەرامبەر تۆدا بۆناگیرێ. پێکەنینم بەقسەکانی هات، هەروەها گاڵتەکانی خۆمم لەگەڵ داپیرەم بیرکەوتەوە، ئەوەتا کلیلەکە دڵێکم بۆ دەکاتەوە، کە پێم وا بوو لە بەرامبەرمدا داخرابێ!! .ناکرێ یەک چرکەش وای بۆ بچم کەوا کلیلەکە هۆی ئەو پەیوەندییەمان بووبێ. چونکە ئاساییەو زۆریش ئاساییە نەوەک هەر من بەڵکو هەر کچێکی تریش کە لە شوێنێکدا کاردەکات، یەکێک لە هاوڕێکانم خۆشیان بوێم و داوای پەیوەندی بەستنم لەگەڵدا بکەن. هاوڕێیەتیش هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی لە بەیەکەوە کۆکردنەوەی دووکەسدا هەبووە. تا بەیەکەوە ژیان ببەنە سەر، چارەنووسمان بەیەکەوەی کۆکردینەوە، هەر چەندە ئێمە دوو جەمسەری جیاواز بووین، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، باکوور و باشوور، پۆزەتیف و نەگەتیف بووین لە هەموو ڕاو بیر و بۆچوون و بیرکردنەوەیەکدا دژبەیەک بووین، بەڵام بۆ خۆشەویستی و

ڕیز لەیەکتر گرتن و دڵسۆزیمان بۆ یەکتری وەکو یەک بووین. ئەگەر بمویستایە باسی شتێک بکەم، دەبوو پێچەوانەی ئەم ڕایە بۆ خۆم هەڵبژێرم کە مەبەستمە، چونکە دڵنیا بووم ئەم پێچەوانەی بۆچوونی منی هەیە ئەم دژە بۆچوونەشم لەڕاستیدا زۆر بەدڵ بوو، کە سەیری ڕووبارێکمان بکردایە دەمانبینی کەناری ڕاستەی لە کەناری چەپەی جیایە، لە هەموو شتێکدا جیا بووین، ئێمە هەردووکمان بەم شێوەیە دووکەناری جیای ڕووبارێک بووین...

لە دوورەوە کۆشکێکی گەورەی شووره بەرز دەبینم، لێی نزیێک دەکەومەوە تەواو لە کۆشکەکانی بەغدای ناو چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەوە) دەکات، کە گەیشتمە کۆشکەکە لە دەوریدا سووڕامەوە تا دەرگاکەی بدۆزمەوە، کە گەیشتمە دەرگاکەش بینیم داخراوە، سەرنجم لە دەورو پشتی دا دەرگایەکی بچکۆلانەم لەگۆشەی لای چەپیدا بینی، دەرگاکەش کونێکی زۆر بچووکی تیا بوو، یەکسەر قسەکەی داپیرەمم بیرکەوتەوە (لەوانەیە پێویستیت پێی بێت). زنجیرەکەم لە ملم کردەوە، کلیلەکەم دەرهێناو خستمە ناو کونە بچووکەکەی دەرگاکە، کلیلەکە بەقەد دەرگاکە بوو. بۆلای ڕاست سووڕاندم... کرایەوە، پاڵم  بە دەرگاکەوە نا، بینیم دەرگا گەورەکە بەتەواوی کرایەوە. چوومە ژوورەوە، تا چاو بڕ دەکات باخچەو ڕەزی پڕ لە دارو درەختی تیابوو، تەواو لە باخچەکانی (کۆشکی ڤرسای)یان دەکرد. ڕۆیشتم بەبێ هیچ ترس و سڵکردنەوەیەک لەشوێنەکە، لە ڕێچکەیەکەوە بۆ ڕێچکەیەکی تری جوانترو خۆشتر دەچووم. بەتەنیا دەڕۆیشتم هیچ شتێک بێ دەنگی شوێنەکەیان نەدەشلەقاند تەنها چریکەی بولبول و جریوەی چۆلەکەو گمەی کۆترەکان نەبێ، گومەزە



بەردینەکان، بنمیچە نەخش کراوەکان بەقرمیدی سەوزو سوور دەبینران، سروەیەکی فێنک هەڵی کرد، گوێم لە سەمای گەڵای دارەکان بوو. لە ڕۆیشتن بەردەوام بووم، تا لە ڕاڕەوێکی نەخشکراو بەبەردی گرانبەها سەرکەوتم بەهێمنی و وریاییەوە، وەکو یەکێکی پێ خاوس ڕێم دەکرد، گۆڕەپانێکی گەورەی بەردینم بینی کە دارە گەورەکان دەوریان دابوو، لە ناوەڕاستیدا نافوورەیەک فرمێسکەکانی هەقایەتە کۆنەکانیان پەخش دەکرد. کەمێک ماندوو بووم لەسەر کورسییەکی بەردینی ژێر سێبەری دار وەنەشەیەک دانیشتم، کە بۆنە خۆشەکەی هەموو شوێنەکەی گرتبوو، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی تا بۆنەکەی بگاتە ناخی گیانم، دەستم دەخەمە سەر کلیلەکەو بیرم دەکەوێتەوە، خۆزگا ئێستا لەگەڵم بووایە، لەگەڵ خۆمدا بەنهێنی گوتم تۆ ئێستا لە کوێی؟... بەر لەوەی ناوی ببەم، شەپۆلێکی خۆشی باوەشی بۆ کردمەوە بینیم بەرەو ڕووم دێ لێی نەپرسیم چی منی هێناوەتە ئێرە، بەیەکەوە لەناو کۆشکە چۆڵەکەدا گەڕاین، هیچ شتێک نییە تەنها بێدەنگی نەبێ دیوارە کرۆکەپەکان چەندین هەقایەتیان لەدوای خۆیان شاردۆتەوە کە ئەستەم بوو تێیان بگەین. دەرگا کراوەکانمان بینی، چووینە ژوورەوە، هۆڵێک دەمان گەیەنێتە یەکێکی دیکە. چوار چرایەکان هێشووە ڕووناکیەکی شۆڕکراوە بوون. دیوارە بەرزەکانی بەچەندین تابلۆی هونەریی گەورەو بەنرخ ڕازابوونەوە، مۆنالیزای داڤینشی و بۆرترێتەی سلڤادۆر دالی و لە خواریشەوە تابلۆیەکی فائیق حەسەنم بینی. کەلوپەلە بەنرخەکان مۆمدانە زەبەللاحە ڕووناکەکان بوونە مایەی سەرسوڕمانم، کەس لێرە نییە ئەی کەواتە کێ ئەم مۆمانەی داگیرساندوە؟ کۆشکە بێدەنگەکە باسی ئاوەدانی و

ژیانێکی خۆش دەکات، هەروەک کۆشکەکە ئاوەدان بووبێ و خەڵکەکە چەند چرکەیەک بەر لە گەیشتنی ئێمە ڕۆیشتبن، شتێک چەشنی سێبەری ئادەمیزادێک دەردەکەوێ بۆ لای دەچین، لە دەرگاکە دەچێتە دەرەوە، دوای دەکەوین، کەس نییە، تەنها پۆلێک پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ پێشوازییان لێ کردین، بۆ لای گەورەکەیان چووم باوەڕم نەکردو گوتم ئای کە جوانە!! وریای لقی دارسێوەکە نەبووم، خۆم پیای کێشا، لەو دەمەدا زنجیرەکە لە گەردنم پچڕاو دەستیشم بریندار بوو، ئەو دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرکرد تا مەچەکمی پێ ببەستێتەوە، کە چاوم بەخوێنەکە کەوت لە هۆش خۆم چووم، گوێم لێیە بانگم دەکات: شیلان، شیلان

ناتوانم وەڵام بدەمەوە، گوێم لێ بوو جارێکی تر دەیگوت: شیلان، شیلان

بەئەستەم چاوم کردەوە لە بەرامبەرم وەستابوو دەیگوت: چیتە بۆ هەڵناسی، لە چوونە دەوام دواکەوتین؟

دەستم بۆ زنجیرەکەی گەردنم گێڕا، نەمدۆزییەوە، هەستم بەوە کرد مەچەکم بەدەستەسڕێکی سپی پێچراوە، بانگیم کرد، لە چێشتخانەکە وەڵامی دایەوە: لێرەم خواردن ئامادە دەکەم.

لە چوارپاکە هاتمە خوارەوەو بەخێرایی چوومە لای ، دەستم بۆ گیرفانی کراسەکەی برد ئەو بەسەرسوڕمانەوە گوتی: دەستت چییەتی، کەی دەستەسڕی منت لێ بەستاوە؟ چەند بەدوای ئەو دەستەسڕە گەڕام نەمدۆزییەوە. وەڵامم نەدایەوە... دەستم لەناو گیرفانی کراسەکەی گێڕا، کە دوێنێ شەو بەر لەوەی بخەوم شوشتبووم و ئوتووم کردبوو، سەری پەنجەکانم بەزنجیرەکە کەوت،



دەرم هێنا، هەردووکمان بە تامەزرۆییە وە تێی ڕامایین، من لەوپەڕی سەرسوڕماندا بووم چونکە کلیلەکەی پێوە نەبوو!!!!

* سەرچاوە/ ڕۆژنامەی الزمان ژ ١٨١٦ ڕۆژی ٢٣/٥/٢٠٠٤

# میوانی شەو

نانق خەڵوسی

زەنگی دەرگایە؟، بەڕاست دەبێ زەنگ بێ، یا خەیاڵی پیاوێکی بیر ئاڵۆزە، کە تاریکی دەوری داوە و لەسەر دوا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان خەوتن و بەئاگاییدا پاڵ کەوتووە، زەنگی دەرگایە؟ بەڕاستی دەنگی زەنگە، زەنگێکی کپ هەروەک بەرهەمی پیا هێنانی پەنجەیەکی لەرزۆک بێ، با هەڵسمەوەو بزانم مەسەلە چییە، پەنجەم نایە سەر دوگمەی کارەبایەکە، ژوورەکە ڕووناک بۆوە، کەمێک چاوەڕوانم کرد، کە هیچم نەبیست هەوڵم دا خۆم وا بەهەڵەدا ببەم، کە وام زانیوە گوێم لە زەنگی دەرگا بووە، خەریک بوو جارێکی دیکە پەنجەم بۆ دوگمەی کارەبایەکە بگەڕێنمەوە، کاتێک دەنگی زەنگەکە لە گوێمدا زرنگایەوە،



هەستم بەهەڵواسراوی لە بۆشاییەکدا مایەوە، لە شوێنی خۆم گیرسامەوە، بە نیگەرانییەکی پڕ نهێنییەوە، سەیری خێزانەکەمم کرد، بینیم چاوەکانی دەترووکێنێ هەروەک پاشماوەی خەونێک لەژێر پێڵووەکانیدا مابێتەوە، لەناکاو زەنگەکە توندتر لێدرا، ئەو ساتە خێزانەکەم چاوەکانی کردەوەو سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە و وا دەرکەوت کە ترس دەوری دابێ، دەستم بەدەزوویەکی هیواو پاڕانەوە گرتبوو گوتم: . گوێت لە دەنگێک بوو یا من بەهەڵەدا چوومە؟ لەگەڵ دانیشتنی لەسەر چارپایەکە: بەڵکو زەنگی دەرگاکە بوو! هەرکە زەنگەکەش جارێکی تر لێدرایەوە دوا دەزووی گومانم پچڕا، خۆم بەرەو دەرگای ژوورەکە وەرچەرخاند، دەنگی ناڕەزاییەکەی بەدوامدا هات و بەترسەوە: دەتەوێ چی بکەی؟؟

– دەڕۆم دەرگاکە دەکەمەوە بزانم کێیە،

+ پێت وایە کێ بێت بەوکاتە درەنگەی شەو بێتە لامان؟

– دوور نییە خزمێک، یا هاوڕێیەک، دراوسێیەک، یا خاوەن پێویستییەک بێت و کارێکی بەپەلەی هەبێت.

+ جا لەم کاتەدا؟؟

وەڵامم نەدایەوە، ئەوەتا زەنگەکە دووبارە دەبێتەوە و هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆ ناهێڵێتەوە، تا گەیشتمە دەرگای ژوورەکە، گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو نزیک دەکەوتەوە، دەنگی ناڕەزاییم وەستاندی: بۆ کوێ؟؟

+ لەگەڵتا دێم

– نەخێر، تکات لێ دەکەم؟

+ دەتەوێ ڕێگات بدەم بەوکاتە درەنگە بە تەنیا بچیتە دەرەوە

دەرگاکە بکەیتەوە، ناشزانین چی ڕوودەدا؟

– دەچمە دەرەوە و چی دەبێ بابێ، نامەوێ هیچ کەسێک پێم بڵێ خۆی لە سێبەری ژنەکەی دەشارێتەوە، دەسکی دەرگاکەم ڕاکێشا!!

(+ ئەو پیاوە چەند لامله، ئەگەر بەتەواوی نەمزانیایە تووڕە دەبێ، لێی دەپاڕامـــەوەو ڕێگام نەدەدا دەربچێ، یا بەبێ ئەوەی پێی بزانێ شوێنی دەکەوتم، ئایا ئێستا وابکەم؟!

چ دەڵێ ئەگەر ئاوڕی دایەوەو لە دوای خۆی بینیمی؟ کێ لە ئاگری تووڕەییەکەی دەمپارێزێ کە لە چاوەکانی و لێوەکانییەوە دەردەچێ؟ بەڵام کێ ئێستا لەو ناوەختەدا دێت نەچاوەڕێی یەکێک دەکەین، نەپێشبینی کەسێک!

بەتەنیا لە زیندانی نیگەرانیدا جێی هێشتم، تا بە ئاگری ترسەوە بسووتێم، دەبا لای دەرگاکە بوەستم).

گوێم ڕاگرت بەڵکو ئەوەی پشت دەرگا درەنگ لێی وە ئاگا هاتبێن و ڕۆیشتبێ، لە ڕاستیدا دەمخواست هەروابێ، بەڵام چرپەیەک هوشیاری کردمەوەو لە پشت دەرگاکەوە گوتم: کێیە؟

* دەرگاکە بکەرەوە تا بزانی کێیە، یا ئێوە ناتانەوێ پێشوازی لە میوان بکەن. ئەو دەنگەی بیستم نامۆ نییە، بەڵکو وام زەن دەکرد کە سەدای دەنگی خۆمە دەیبیستمەوە، کەس لە خزم و کەسان ناناسم لەرەی  لەدەنگی خۆم بکا، دەنگەکە بەهێواشی و دڵنیاییەوە هاتە گوێم:

* مەترسە کوڕم، دەرگاکە بکەوە.

ئەوکاتە هەستم کرد کە دەنگەکە دەگاتە گیانم و ئارامییەک باڵی بەسەرما کێشا(کەواتە هەموو شتێک جێگای دڵنیاییە، هیچ شتێک



مایەی ترس نییە، گوێم لە دەنگی سوورگییەکە و هەنگاوەکانی بوو، لەگەڵ دەنگی بەخێر هێنانی میوانەکە، تا گەیشتنە ژووری دانیشتن، بەڵام کێ بەم کاتە درەنگەی شەو هاتۆتە لامان؟

نهێنی ئەو سەردانە لەناکاوە چییە؟ چ... ؟؟

ئۆیی، بۆ خۆم ماندوو بکەم ، سەری خۆم بەم پرسیارانە کاس بکەم، بێ گومان ئێستا دێت و هەموو شتێکم پێ ڕادەگەیەنێ... ئەوە هات).

لە ژووری میوانان جێم هێشت تا ئەمیش دڵنیا بکەمەوە، هیچ گومانم نییە کەوا ئێستا چرنووکەکانی نیگەرانی هەموو گیانی ونجر ونجر دەکەن، هەروەها هیچ گومانم نییە کەوا کاریگەری هەواڵەکە زۆر توند دەبێت. بەڵام چارە نییە هەر دەبێ وا بکەم...

– دەزانی میوانەکەمان کێیە؟

+کێیە

– هەڵی بێنە کێ بێت؟

+ بۆ پسپۆڕی غەیبم؟؟ –باوکمە!!

ڕاچڵەکی، هەروەک بڵێسە ئاگرێکی بەرکەوتبێ، نیشانەی پرسیار و ترسم لە هەموو بەشێکی ڕوخساریدا بینی.

+ چۆن باوکت میوانمانە، تۆش دەڵێی باوکم لە زەمانێکی زووەوە مردووە؟!!،

– بەڕاستمە مەملەکەتەکەی خۆی جێ هێشتووەو هاتووە!!

+ چیی هێناویەتی؟

– خۆشەویستی بۆ لای ئێمەی هێناوە! بەهەرحاڵ ئێستا کاتی گفتوگۆ نییە، لەوێ جێم هێشتووە، نابێ لەمە زیاتر بەتەنیا جێی

بهێڵم، هەموو شتێک لەدواییدا دەزانی، دڵنیابە.

+[باوکی، ئایا ئەو پیاوە شێت بووە؟ باوکی چۆن لە گۆڕەکەی دەردەچێ، ئەمە ئەگەر تا ئێستا گۆڕی مابێت و نەبووبێتە خۆڵەمێش، دوای ئەو هەموو کاتەش دێتە سەردانی کوڕەکەی؟ بۆ پێشتر وای نەدەکرد، ئەگەر بەڕاستی بتوانێ ئەم کارەکە بکا؟ ئایا پیاوەکەم تەواو بوو، یا دەجووڵێتەوە دەدوێ و خەویشی لێ کەوتووە؟ ئایا من خۆم هوشیارم؟

دەستم بۆ دەموچاو و سەری خۆم برد، باشتر وایە بچمە لای ئاوێنەکە].

لێی ورد بوومەوە کاتێک بەجلی سپییەوە بەرامبەرم دانیشتبوو، مەلی چاوەکانم لە نێوان ڕوخساری ئێستای بەرامبەرم و ڕوخسارە گیرساوەکەی ناو وێنەی سەر دیوارەکە دەسووڕایەوە لەوانەیە هەستی بەوە کردبێ کە من دەمەوێ هەڵسم و لێی نزیک بکەومەوە، دەنگەکەی وەکو وریا کردنەوەیەک پێم گەیشت، تەواو هەروەک کاتی کۆچکردنی

* وریابە لێم نزیک نەکەویتەوە و دەستم لێ نەدەی، لە شوێنی خۆت بمێنەوە، کوڕەکەم با ئەو مەودا تەسکە لە نێوانماندا بمێنێتەوە، چونکە ئەو مەودایە دوو جیهانی جیاواز، لەیەکتری جیادەکاتەوە. کەمێک بێ دەنگ بوو پاشان گوتی

* حاڵت چۆنە کوڕەکەم؟

– هەروەک دەیبینی باوکە، سەرباری هەموو شتێک ژیان بەهێمنی بەسەر دەبەم، ژن و منداڵم هەیە و دەستم لەو خانووە بەرنەداوە کە بۆت جێ هێشتم.

* بەڵام خانوویەکی تەواو جیاوازە



– بەڵێ بابە، کاتێکی زۆر بەسەر دوورکەوتنەوەی تۆ ڕەت بووە، خانووەکە خەریک بوو برمێت، منیش ڕووخاندم و سەرلەنوێ دروستم کردەوە، زۆر شت لە زەمانی ئێمەدا گۆڕاوە، لەوەی کە لە زەمانی ئێوەدا هەبوو، ئێستا سەردەمانێکە شتەکان لە چاو ترووکاندنێکدا دەگۆڕێن. بەڵام بابە پێم بڵێ چۆن ماڵەکەمانت ناسییەوە؟ چونکە سیماکانی لەگەڵ جاراندا زۆر گۆڕاوە، کەمێک داما، پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی تێ کردم:

* شتێکی زەحمەت نەبوو کوڕەکەم، ڕاستە هەروەک گوتت سیماکانی گۆڕاوە، بەڵام هەر لەشوێنی خۆیەتی، دەزوویەکی نهێنی هەنگاوەکانی بەرەو ئێرە دەهێنام. باوکم سەیری کردم، ئینجا سەری هەڵبڕی و چاوی بەوێنەکەی خۆی کەوت، کە لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو، کەمێک ورد بۆوە، تا پەتی ئەو بێ دەنگییە بپچڕێنم کە لە نێوانماندا بوو گوتم–وێنەی تۆیە بابە، لەناو ئەو شتانەم دۆزییەوە کە لەلای دایکم بۆت جێ هێشتبووم، لەجامم گرت و چوارچێوەم بۆ دروست کرد و هەڵم واسی تا بەبەردەوامی لەگەڵما بیت، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

* ئایا دەزانی تۆ ئێستا وێنەیەکی لەخۆم؟

– دەزانم بابە... دەزانم، باوەڕ دەکەی ئەوەی چاوی بەو وێنەیە دەکەوێ وا دەزانێ وێنەی خۆمە، کەس باوەڕ ناکا کە وێنەی تۆ بێت. باوکم لە جوولانەوەدا زۆر زۆر وریا بوو، هەروەک لەوە بترسێ جوولانەوە شوێنێکی بشکێنێ، بەڵام بینای لەسەر هیچ شتێک نەدەگیرسایەوە، وەکو مەلێکی نیگەران لێرەو لەوێ دەیگوازتەوە، دەیەوێ هەموو وردەکاریەکانی شوێنەکە کۆ بکاتەوە، من ڕوخساری

بەڕەنگی خۆڵەوە دەبینم، بۆنی ئەو خۆڵە دەکەم کە لێیەوە هەڵدەستێ و تێکەڵ بەسروەی پێگەیشتنی خورماو بۆنێکی دیکەی کۆنی شێدار دەبێ.

(ئێستا چی لەوێ ڕوو دەدات؟ باسی چی دەکەن؟ ئایا زانیویە کوڕەکەی ژن و منداڵی هەیە؟

ئایا باشتر نییە نەوەکانی خۆی ببینێ و بیانناسێ؟،ئەو میوانمانە، دەشێ ئێمە بەئەرکی خانەخوێیەتی هەڵنەسین، بۆ خواردنێکی بۆ ئامادە نەکەم، یا هەر فنجانە قاوەیەک؟ ، بۆ هەر هیچ نەبێ پەرداخێ ئاوی بۆ نەبەم؟ چیمان پێ دەڵێ، میوانی ماڵی کوڕی خۆیەتی و هیچیشی پێشکەش نەکەین).

گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو، کە چوومە دەرەوە بینیم بەرەو چێشتخانەکە دەچێ، دەیەوێ چی بکات؟ بەپەلە بۆ لای چووم و پرسیارێک پێشم کەوت– بە تەمای چیی؟

+ شتێک بۆ باوکت ئامادە دەکەم، بۆ ئێمە جوان نییە شتێک نە دەینە میوانەکەمان.

– پێویست بەوە ناکات، باوەڕناکەم ئارەزووی هیچ شتێک بکا.

+ باشە بۆ ئارەزووی ناکات؟

– ئەو لە جیهانێکە دوور لە جیهانی ئێمە، هەروەک دەزانی، ئەو شتەی بۆ نابێ کە پێشکەشی دەکەین.

+ هەروەها خەریک بوو منداڵەکانت هوشیار کەمەوە تا باپیریان ببینن!!

– باشە!! ئەگەر وات کردبێ.



+ بەڵام بۆ نا؟

– هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، بە پەلە بگەڕێوە ژوورەکەت.

فەرمانەکەی بە گرانی بەجێ هێنام، لەگەڵیدا تا بەردەرگای ژوورە هاوبەشەکە چووم.

وڕێنەی خۆبەشت زانین لە ناخیدا پەنگی دەخواردەوە (دەبێ باسی چی بکەین؟ باسی ئێستا، تائێستا باسی ڕۆژە بەسەرچووەکانمان نەکردووە، ڕابردووە دوورەکان، کەمێک دامام بەر لەوەی بپرسم) – باوەڕدەکەی باوکم تا ئێستا پرسیاری دایکمی نەکردووە؟ – دوور نییە لێی تووڕە بووبێ؟ بەڵام بۆ لێی تووڕەیە، خۆی لێی دوور کەوتۆتەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بۆ جێ بهێڵێ، دوای نەخۆشی و مەی خواردنەوە، کۆششی کردو هەوڵی دا، بیست ساڵ ڕەنجی دا تا کوڕەکەی کرد بەپیاو، بۆ لێی تووڕەیە؟ بەڕاست بۆ لێی تووڕە دەبێ؟ ئەگەر بەڕاست تووڕە بێت؟! کاتێک چوومەوە لای ئەو پرسیارە دوام کەوت. ئەو هێشتا بەبێ دەنگی دانیشتووە بەبێ ئەوەی مەلی چاوەکانی لەسەر شتێک بنیشێتەوە، کاتێک چاوەکانی لەسەر من گیرسایەوە، زۆر لێم ورد بۆوە تا جارێکی دیکە لە بەرامبەری دانیشم، ئارەزووی لێ نزیک بوونەوەی لەناو دڵما بوو، حەزم دەکرد سەرم بخەمە سەر سینگی و زۆر بگریم، تا ئێستا پرسیارەکە زۆرم لێ دەکا (بۆ هەواڵێکی دایکمی نەپرسی)؟، ئەگەر پرسی دەڵێم ماوەیەکی زۆرە مردووە، دوای ئەوەی مۆمی تەمەنی خۆی و ڕووناکی چاوەکانی بەو بەخشی، خەریک بوو پرسیارە سەختەکە لە لێوەکانم بەربێتەوە بەڵام نازانم چۆن ڕێگام گرت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە خۆی پرسیارەکەی لە بیر بردمەوە.

* چیت لە بارەی منەوە بیر ماوە کوڕەکەم؟

– بیرێکی کۆڵ، چی پێشبینی لێ دەکرێ تا یادگاری هەڵگرێ، کاتێک جێت هێشتم تەمەنم چوار ساڵان بوو، بەڵام تەنها دوو دیمەن بەگۆشەی بیرمەوە گیرساوەتەوە، بیرت دەکەم بەڵام وەکو خەونێک، تۆ پێدەکەنیت و کاتێک سەیری  دایکمت دەکرد شووشە و گوڵدانە قورینەکانی دەخستە سندووقێکی تەنەکەوەو داوای لێ دەکردی لە باخچەکەی ماڵەوە بیشاریتەوە، ڕاست دەکەم یا تەنها خەیاڵە؟

لەرەی پێکەنینی باوکم هاتە گوێ، وام هەست دەکرد هەمان ئەو پێکەنینە دەبیستم کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر گوێ بیستی دەبووم گوتی ڕاست دەکەی کوڕم ئەو کاتە ڕۆژانی شەڕ بوو هەواڵەکان دەیانگوت فڕۆکەکانی ئینگلیز مێش ئاسا دەفڕن و شارە ڕاپەڕیوەکان بۆردومان دەکەن، باوەڕ دەکەی ترسی شووشەو گوڵدانەکانی هەبوو، زیاد لەوەی ترسی خۆی بێت.

– تا ئێستا هەندێکیمان وەکو دیارییەکی بەنرخ پاراستووە!

* باشە، دوایی!؟

– ئای بابە دیمەنێکی زۆر سامناک بوو، درزێکی قووڵی لە گیانمدا دروست کرد، ئەو ئێوارە خەمبارەی خوشکە گەورەکەت بەگڕیانەوە لە باوەشی کردم، بردمی تا لە سندووقە دارەکەی هەیوانەکە نزیک کەوتەوە، لەنێو شین و ڕۆڕۆی ئامادە بوواندا ئاماژەی بۆ سندووقەکە کردو بە هەنسکی گریانەوە گوتی (ئەوە باوکتە)، دانەویمەوە، سەری سندووقەکەم هەڵدایەوە چاوم بەڕوخسارێک کەوت سپی، خوێنی تیا نەمابوو، لە ترسا چریکاندم بەڕاشکاوی بابە ئەو دیمەنە تائێستا سێبەری بەسەر گیانمەوە ماوە، سۆزم بۆ باوکێک هەبوو، ئامێزی پیا



بکەم و بمخاتە سەر سینگییەوە، بانگی بکەم (بابە)، هەروەک چۆن منداڵانی تر بانگی باوکیان دەکەن، دیاریم بۆ بێنێ، ڕۆژانی جەژن لەگەڵ خۆیدا بمباتە ئەو شوێنانە، کە باوکەکان ئەو کاتە منداڵەکانی خۆیان بۆی دەبرد. شەبەنگی خەمێکم بینی، سەر و سیمای باوکمی داپۆشیبوو. بۆم دەرکەوت کەوا ئەو هەلەم دەست کەوتووە، ئەو هۆیە بزانم بۆ پرسیاری دایکم ناکا. سەرم هەڵبڕی و گوتم:

– چیرۆکێکتم دۆزییەوە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆتان بڵاو کرابۆوە  چیرۆکەکە تەمەنی (٥٥) ساڵە.

گوتی:

* مەبەستت کام چیرۆکە؟

– ئەوەی بەناو نیشانی (سەلوایە)، بیرت کەوتەوە؟

* بیرمە... بابە ئەو (سەلوایە) کێیە؟

* کوڕم یەکێک بوو لە بەرهەمە پڕ لە ئازارەکانی سەردەمەکەمان، پێم وایە سەردەمەکەی ئێوە لەو جۆرانە ڕزگاری بووە.

زۆر پێکەنیم تا فرمێسک لە چاوەکانما قەتیس ما، لەوانەیە لەڕاستیدا فرمێسکی گریان بێت. بەئازارەوە سەرم بۆی لەقاند – لە نموونەکانیان ڕزگار بووە؟! لە سەردەمی ئێمەدا ئازارو مەینەتی وا هەیە منداڵ پیر دەکا.!!

لەو بیرۆکەیە دوور نەکەوتمەوە، کە تائێستا هەراسانی کردووم. جا بۆ لە پەنجەرەی ئەو چیرۆکەوە مەبەستەکەم نە پێکم؟!

– بابە پاڵەوانی  چیرۆکەکەت لەواقیعدا بوونی هەبوو؟

* بێ گومان.

–چاوت پێی کەوت ؟.

* چاوم پێی کەوت.

– بەر لەوەی دایکم بناسی؟

* بەتەواوی نازانم.

بینیم تروسکەی خەمێک لە چاوەکانییەوە دەردەچێ، هەستم کرد ئارەزوو ناکات درێژە بە قسەکان بدات، خەریک بوو بپرسم بۆ لە ئاخڤتنی سەر دایکم دوور دەکەوێتەوە، ئایا هەستکردنە بە تاوانێک وای لێ کردووە تا ئێستا بەدواوەیەتی. چونکە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بۆ جێ بهێڵێ لێی دوور کەوتۆتەوە؟ بینیم هەست بەتەنگاوی دەکا هەڵسایەوەو گوتی:

* کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێمەوە مەملەکەتەکەم. لەسەر دەرگاکە وەستام ڕێم لێگرت:

– نا بابە گیان باوەڕناکەم گەڕابیتەوە چۆن ڕێگات دەدەم جارێکی تر کۆچ بکەی، دەمەوێ بەخێزانەکەم و نەوەکانت بناسێنم، حەزدەکەم بتبینن، لێت بڕوانن، خۆشەویستییان بۆ تۆ زیاتر دەبێ!

* تۆ بینیمت پێم وایە ئەمەش هەموو شتێکە.

– نەخێر بابە ئەمە هەموو شتێک نییە. بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆمدا بجوولێمەوە، هەنگاوێک هاتە پێشەوە، ڕێگەی نادەم بڕوات، دەمەوێ قەرەبووی ئەو هەموو ساڵەی دابڕان بکەمەوە، لە باوەشی بگرم، بمخاتە سەر سینگییەوە و بانگی بکەم (بابە) و وەڵامم بداتەوە، ئا ئەوەتا دێتە پێشەوەو بەدەنگێکی لەرزۆک دەڵێ:

* ڕێگام بەردە...



بەڵام من ڕێگام نەداو دوور نەکەوتمەوە هەر لێم نزیک کەوتەوە دڵم کەوتە لێدان و بەدیواری پەراسووەکانم دەکەوت، هەستم بەهێزێکی شارراوە کرد بۆ خۆی ڕادەکێشام، لەناکاو دەستم بەرز کردەوە لە ئامێزی بگرم هەر کە دەستم بە لەشی کەوت هەستم کرد باوکم لێک هەڵوەشاو بوو بە تۆزێکی بە با چوو، باوکم لەچاو تروکانێکا دا ون بوو، بەترسەوە قیژاندم کەوتمە سەر کورسییەکە، گوێم لە دەنگی چەند هەنگاوێکی بەپەلە بوو، ئەو هاتە ژوورەوەو تۆقیو هاتە بەرچاوم، وام تێبینی کرد هەروەک خەو لە چاوەکانی خۆی بتەکێنێ بەدەنگێکی پڕ لە ترس گوتی + چی ڕووی داوە؟

– باوکم لەنێو دەستمدا لێک ترازاو ون بوو!!

بەدوو چاوی پڕ لە پرسیارەوە تێی ڕوانیم و دوورنییە وا بزانێ بەڕاستی شێت بووبم.

گوتم– بۆنی خۆڵ ناکەی؟

+ بۆنی دەکەم.

–گەرد و تۆز نابینی؟

+ دەیبینم.

– ئەمە پاشماوەی باوکمە، باوەڕ بکە کەمێک پێش ئێستا لەگەڵما بوو ئا ئەوەتا دەبێتە گەردیلەی تۆز و بە با دەچێ، باوەڕبکە لێرە بوو!!

+ باوەڕ دەکەم، بەس نییە تۆ بینیت، هەروەک هەمیشە خەونت پێوە دەبینی.

– بەڕاست خەونم پێوەی دەبینی؟ بەڵام خەونم بە باوکێکی لە خۆڵ نەدەبینی، بێت و پاشان لێک بترازێ و لە هەوای ژوورەکەمدا بڵاو ببێتەوە.

+ سوپاسی خوا بکە لێرە بوو بە تۆز و لە جێگایەکی تر نەبوو.

– گوێم لە دەنگی چەند هەنگاوێکە!

+ ئەوە بێ گومان کوڕەکانتن و لەوانەیە قیژەکەت لە خەوێکی خۆشی کردبن.

– یا بۆنی باوکم چووەتە سییەکانیانەوە.

+ ئەمەش ڕاستە، بەهەر حاڵ با ئەم باسە داخەین دەستت بێنە جوان نییە منداڵەکانت بێن و بەم حاڵەتە بتبینن.،...

دەستم درێژ کرد دەستە لەرزۆکەکانی قۆستیانەوەو ڕای کێشام، کاتێک ژووری میوانەکانم جێهێشت وام بۆ دەهات کە من بۆنی باوکم دەکەم و خەریکە بۆنەکە لە هەموو شوێنێک بڵاو ببێتەوە!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الموقف الثقافی ژ (١٥)ساڵی ١٩٩٨ل ٥٦–٦١

# وەرزی زاوزێ کردن

عەبدولباقی شەمسان

گوند هەمان گوند و کێڵگەکەمان هەمان کێڵگە و خانووەکان هەمان خانوو، ڕووەکان هەمان ڕووی جارانن، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئەم جوانتر و شیرینتر دەردەکەوتن، سەرنج لە ئاسۆ دەدا، دەفڕێ و لە شەققەی باڵی دەدا، لەوێ لە گردەکە دادەبەزێ و چەشنی باڵندەیەکی مێینە سەما دەکا. سەیری خانووەکان دەکا، بەرد بە بەردیان ماچ دەکا. نیو ماچ بەڵکو ماچێکی تەواوی بەردە بچووکەکانی کەلێنەکانیش دەکا. جارێکی تریش بۆ لای دراوسێیەکەی چوو، داوای لێبووردنی لێ کرد و هەموو شتێکی بیر خۆی بردەوە. تەنانەت دیارییەکیشی بۆ برد، ئێوارە زۆریش دوابکەوێ بەر لە خۆرئاوابوون



دێتەوە. چەند تا سەی دەکەم، هەموو شتێکی پێ ڕادەگەیەنم و سکاڵای حاڵی خۆمی بۆ دەکەم چەند شیرین دەردەکەوێ کاتێک بەناخمدا ڕۆدەچێ، بۆنی ئارەقەکەی دەکەم، پەنجە بەدڵۆپە ئارەقەکانی سەر پشتی دادێنم، بانگ کردنەکەی چەند دەمهەژێنێ و کاتێک لە لووتکەکەدا خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو منداڵ ئاسا خۆی بە سینگم هەڵدەواسێ، دەگری، سکاڵا لە ناخۆشیی نامۆیی دەکا، پێم دەڵێ چەند خولیای بینینم بووە، ماچم دەکا، یاریم لەگەڵدا دەکا، تا کازیوە هەست بە کات ناکەین، کاتێک ئەو تەواو بێ هێز دەبێ، پرسیاری منداڵەکانم لێدەکا، لەسەر پشت پاڵ دەکەوێ، قاچەکانی درێژ دەکا، دەستی بە بەرزی لە پشت سەری دادەنێ. لاشەی قیت، هەر وەک هەربەشێکی لە ئەوەی دیکە جیابوو بێتەوە، گوێی لێ دەگرم لێوەکانم ماچی دەکەن و سەرتاپای لەشی شانە دەکەن. هەموو شتێکم بیر دەچێتەوە، عوزرخوازی بۆ دەهێنمەوە، داوای لێ خۆشبوونی لێ دەکەم، کارەساتی خۆمم بیر ناکەوێتەوە تەنها کاتی گەڕانەوەی نەبێ. فرمێسکم چەشنی جۆگەلە بەخوڕ دێتە خوارەوە کاتێک دەبینم سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبێ و ڕێگاکە قووتی دەدا!!!!

– تکات لێ دەکەم کەناڵەکە بگۆڕە، یا ڕیمۆتەکەم بدەیە.

بەم وشانە ڕێگەی وەرگرتن و پەخشکردنەکەی بڕی، بەگرانییەوە دوای چەند چرکەیەک:

+ توخوا، بۆ خاتری هاوڕێیەتیمان لێم گەڕێ با ئەو بەرنامەیە تەواوکەم لەسەر جیهانی ئاژەڵە!!

– من دەمەوێ چەند گۆرانییەک، یا شتێکی هەمەڕەنگ ببینم، ئەمڕۆ پشووی هەفتەیە، تۆش دەزانی ئەمڕۆ بەچاو تررووکاندنێک تەواو دەبێ،

هەست بەخێراییەکەی ناکەین تەنها بەیانی نەبێ کاتێک کاتژمێر وەکو ئاشێکی گران ڕێ دەکاو لاشە و دەمارەکانمان سست و خاو دەکاتەوە.

+ هاوڕێم باش تێت دەگەم، بەڵام حەز لەو بەرنامەیە دەکەم، سەیر کە ئەو دوو شێرە چۆن وازی لەگەڵ بەچکەکانیان دەکەن، بەم جۆرەش بەردەوام دەبن تا گەورە دەبن، بەچکەکان یا لەگەڵ ڕەوەکە بەردەوام دەبن یا دادەبڕێن و لە دارستانەکەدا دەسووڕێنەوەو گەشتی ململانێ و ڕاوکردن لە پێناو مانەوەدا دەست پێ دەکەن. نازانم ئەوانە بیر دەکەنەوە. یا سۆزیان هەیە. ئایا دایک و باوک و براکانیان دەناسنەوە. ئەگەر دوای چەندین ساڵ پێیان گەیشتن. نازانم، نازانم، بەڵام دەتوانین وەڵامەکە لەو بەرنامەیە ببیستین، با ئێستا سەیر بکەین و پاشان گفتوگۆ دەکەین.

– بەڵام تۆ سەیری بەرنامەکە ناکەی، داواشم نە دەکرد کەناڵەکە بگۆڕی تا بینیم خەیاڵ بردتیەوەو چاوەکانت ئەبڵەق وەستاون، هەروەک سەیری ڕووداوەکانی ناوەوەت بکەی ، نەوەک شاشەی تەلەفزیۆنەکە. وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە لە سەیرکردنی بەرنامەکە بەردەوام بوو، هاوڕێکەی بۆ چەند چرکەیەک ڕوانی، بەڵکو وەڵام بداتەوە بەڵام بێ سوود بوو... بۆ سوود لەم کاتە وەرنەگرم و هەڵسم جلە پیسەکانم بشۆم و ڕیش بتاشم و هەندێک شتی تر ئەنجام بدەم. ئێوارەش بۆ حەوانەوەو سەیر کردنی تەلەفزیۆن، جیهان بەو ئامێرە بچووکە دەهێنمە ناو ژوورە بچووکەکەم. کە ملیۆنان جار دونیا بچووک دەکاتەوە. ئای لەو جیهانە سەیرە، ڕووی لە گەرماوەکە کرد، دەرگای کردەوە، هەستی بەهیلاکی دەکرد، جلە پیسەکان زۆرن



دەستی درێژکرد یەکەمجار کراسێکی دەرکردو دەستی بەشوشتنی کرد، دەنگی پێشکەشکەری بەرنامەکە لە بۆشایی ماڵەکە مەلەی دەکرد، لەرینەوەی تەلەفزیۆن ئاژاوەیەکی کەمی دروست دەکرد، بەڵام دەیتوانی بە باشی ببیستێ، لە جل شوشتن بەردەوام بوو، دوای چارەکە سەعاتێک ناوەڕاستی پشتی بە ژان کەوت، بیری لە پشوویەکی چەند چرکەیی کردەوە، تا لە ژووری پێشوازی مەسەلەیەک لەگەڵ هاوڕێکەی باس بکات. دەستەکانی نەشوشتبوو ، هێشتا پاشماوەی سابوونیان پێوە بوو، بۆلای هاوڕێکەی چوو بینی ئەلبومی وێنەکان هەڵدەداتەوەو دڵۆپە فرمێسک لە قۆرتی چاویدا خەریکن بێنە خوارەوە، پێڵاوەکانی داکەند، تا هەست نەکا بینیویەتی ، فرمێسک و ئازارو زنجیرەی مەینەتییەکان بەردەوام دەبن جێی هێشت تا بسووتێ و دووبارە لە خۆڵە مێشەکەی دروست ببێتەوە!!

* سەرچاوە/ ڕۆژنامەی الزمان ژ ٣٤٣ بەرواری ١٩٩٩/٦/٨

# لەبارەی ئەوەی ون بوو و نەگەڕایەوە

بەدیعە ئەمین

دەبێ لە کوێ بێت، کێ دەزانێ ئەو ئێستا لەکوێیە، کێ دەتوانێ بۆم بدۆزێتەوە، بەدرێژایی کات لەگەڵما بوو، لە هەموو کاتژمێرێک لە کاتژمێرەکانی شەووکاتژمێرەکانی ڕۆژدا. بڵێی هەنوکە لەکوێ بێت، کێ هەیە ڕێگای چوونە لای ئەو پێ بزانێ، کێ هەیە نیشانم بدا لە فاڵچی یا لە فنجان خوێنەکان بپرسم، دەبێ خۆی لە کوێ حەشار دابێ چی بکەم ئەگەر نەمدۆزییەوە، دەبێ لە کوێ گیرسابێتەوە، بڵێی هێشتا ساخ بێ یا شتێکی خراپی بەسەر هاتبێ. لە هەموو سووچ و کەلێنێکدا گەڕام، گشت ڕاڕەو و پەنایەک، هیچ سۆراخێکم دەست نەکەوت. خوشکم دەڵێ گوایە دوێنێ بەیانی دیویەتی. بەڵام ئەو ئەمڕۆ



بەیانی نەوەک دوێنێ لە گەڵمابوو، ئەرێ ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەکان یا لە ئاژانسەکانی ئاگاداری بڵاو بکەمەوە، بانگ ڕادەرێک ڕابسپێرم لە شەقام و کۆڵان و ڕێگاکاندا بانگ بکا و بڵێ ئەی شیر پاکەکان هەر کەسێ ئەوەی بینیوە کە لێمان ون بووە با پێمان بڵێ هەزار دیناری دەدەینێ، بیر چەند چرکەیەک دەوەستێ، پرسیارەکە دەچەقێ (دەبێ لەکوێ بێت)؟، لەکۆتایی دەمارەکانەوە هەوڵ دەدا هەموو خولەکەکانی ڕۆژەکەی بیر بکەوێتەوە، هەر لە یەکەم ساتی بەیانییەوە تا ئەو چرکەیە، کەی لە خەو ڕابووە، چی کردووە، لە کوێوە ڕۆیشت، لەکوێ دانیشت، لەگەڵ کێ دوا، بەڕووی کێدا زەردیەوە، ڕۆژنامەی بەیانی لەکوێ خوێندەوە، قاوەی بەیانی لە کوێ خواردەوە، لەگەڵ کازیوە وەکو هەموو ڕۆژێک لە خەو هەڵسا، بەری بەیان گوێی لە چۆلەکەو بولبولەکان گرت، کاتێک ئاوازی بەیانییان دەچڕی، بەر لەوەی لەسەر جێگاکەی هەڵسێ، دوولاپەڕەی لەو کتێبە خوێندەوە کە شەو بەر لەوەی خەو بەسەریدا زاڵ بێ، یاوەری دەکرد، لەگەڵ خۆرهەڵات پەڕە وەریوەکانی گوڵە یاسەمینە سپییەکانی کۆکردەوە کە بۆنەکەی دڵ دەبووژێنێتەوە، خستنییە گوڵدانێک و لەسەر مێزی نان خواردنی دانا، قاوەی بەیانی خواردەوە خواردنی دایە باڵندە کەنارییەکە، ڕۆژنامەی بەیانی خوێندەوە پرسیارەکە بە جەختکردنە سەر بیر گەڕایەوە (دەبێ لەکوێ بێت؟)، بەڵام نابێ هەرلای پرسیارەکە بوەستم و بەس، لە هەموو شوێنێکدا بۆی دەگەڕێم، لە هەموو ڕێگایەک لەو ڕێگایانەی مرۆڤی پیا ڕەت بووەو ئەوانەی مرۆڤ و جنۆکە پێیان نەکەووتوە، باشە بۆ جاری دووەم دەگەڕێمەوە لای ئەو کاتانەی لەو ڕۆژەدا بەسەرم بردووە. چێشتەنگاو بینیم، بەڵکو بێگومان کاتێک چووم هەندێک

پێداویستی بکرم لە گەڵما بوو، من ناتوانم بەبێ ئەو لە ماڵ بچمە دەرەوە کە گەڕامەوە ماڵەوەش دیسان پێویستی دەکرد لەگەڵما بێت، چونکە من ناتوانم بێ ئەو بگەڕێمەوە کەواتە چیم کرد، شتەکانم لە ئۆتۆمبیلەکە داگرت، خواردنی نیوەڕۆم ئامادە کرد، پەرداخێک چام خواردەوە، تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کرد تا لە تەندروستی دڵنیابم، بۆ کاتژمێرێک یا چەند کاتژمێرێک ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر دەستم بەخوێندنەوەی کردبوو، بەدرێژایی ئەو کاتە دڵنیابووم لەوەی کە لەگەڵمایە، چونکە برادەرو هاوڕێی ڕێگامە پاسەوانێکی ڕاستگۆمە، ئەو هەموو کاروبارێکی ژیانم لە هاتن و چووندا بۆ بەڕێ دەخات، تەنانەت ئەو بەیانییە کە دەریش چووم، کەشەکە بەشێوەیەکی نائاسایی تۆزاوی بوو، گەردە لوولێکی سووری چڕ هەموو شاری داپۆشیبوو، باخچەکەم بەو هەموو دارو ڕووەک و لق و پۆپەی تیای بوو، تۆز داپیۆشیبوو، هەموو شتێک خەمی لە دڵدا دەچاند، ڕەشەبایەکی باشووری بە تین گشت شتێکی گەردوونی ڕادەماڵی، دار هەنجیری پیرۆز کە خوا سوێندی پێ خواردووە، چەشنی گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی فرە دەست و قاچ و لق دەردەکەوت. هەمووی دەلەرییەوە چلەکانی سەر دەکەوتن و دادەبەزین. لقەکانی بۆ لای ڕاست و چەپ دەجوولانەوە، من پێم وابوو ئەو بایە کە پاڵ دەنێ، نەوەک بایەک بیهەژێنی. خوشکم هەوڵی دا لەچوونە بازاڕ پەشیمانم بکاتەوە پێی گوتم بازنەی بینین دیاری کراوە و دیتن لە کەش و هەوای وادا ئەستەمە و گەڕانەوەش مسۆگەر نییە. چاوەڕوان کە تا بایەکە دەشکێ و تۆزەکە پەرت و بڵاو دەبێتەوە، بەڵام گوێم پێ نەدا سوور بووم لەسەر چوونە دەرەوە، من دڵنیا بووم کە لەگەڵما دەبێ و ئەویش



دەتوانێ پارێزگاریم بکاو بەساخی و تەندروستییەکی تەواو بمگەڕێنێتەوە ماڵەوە، چوومە بازاڕ، لەوێوە بۆ لای نەمامگەیەک وەرچەرخام تانەمامێکی سێبەرو چەند گوڵێک بکرم. بەڵام نەمامگەکە وەکو گۆڕەپانێکی جەنگ دەردەکەوت کە تازە نەوەکانی هۆلاکۆ بەڵکو فاندال (*) دوای ئەوەی خاکەکەیان داگیرکردین، جێیان هێشتبێ، کێڵگەو بێستانەکانیان وێران کردین، ئاگریان بەردایە کێڵگەی گەنمەکانمان، دارەکانیان هەڵپاچی، باخچەکانیان تێکداو، گوڵەکانیان فڕێ دایە سەر زەوی، دوای ئەوەی هەموو شتێکیان خاپوور کرد ڕایان کرد و گەڕانەوە وڵاتەکەی خۆیان، خاکێکی وێرانیان لەدوای خۆیان جێهێشت، بەبێدەنگی گریام هەرکە چاوم بەو وێرانکارییەو کارەساتە و مردنی گوڵەکان کەوت، کە ملیان خوار بووبووەوە پەڕە ناسکەکانیان لەناو خۆڵدا ڕۆچووبوو. لە خاوەن نەمامگەکەم پرسی: کێ ئەوەی کرد. گوتی ڕەشەبا لە باشوورەوە هەڵی کرد، لمی بیابان و گەرما و وێرانکاری لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەموو شتێکی کوشت کە دەستی من و دەستی باب و باپیرانم ناشتبوویان، بەخەمباری گەڕامەوە ماڵەوە، ئەمەش بەڵگەیەکە کەوا لەگەڵمان بووە چونکە من ناتوانم بگەڕێمەوە ماڵەوە ئەگەر ئەوم لەگەڵدا نەبێ خۆزگا گوێم لە ئامۆژگاری خوشکم دەگرت. ئەگەر وام بکردایە ئەو خەمە گەورەیەی سەر دڵم هەڵنەدەگرت جارێکی تر لە خۆم پرسییەوە هەروەک باوەڕ بەخۆم نەکەم ئەگەر لەگەڵمابوو، ئەی لە کوێ ون بوو؟، دەبێ لە شوێنێک لەناو باخچەکەی ماڵەوە خۆی نەشاردبێتەوە، لە ژێر دار زەیتوونەکە، لەژێر سێبەری گوڵە نەسرینەکان، ئەوێم پشکنی، هەموو شوێنێکی دیکەش ، بەڵام نەمدۆزییەوە، جارێکی تر دانیشتم تا

بیر له کاته بەسەرچووەکان بکەمەوە، دوێنێ لەگەڵمابوو دوێنێ، دوێنێ، بەر لەوەش لەگەڵمابوو بەڵکو چەند ساڵێکی دوورو درێژە هاوڕێی ڕێگامە، ئەوا سانایە دەستم لێ هەڵگری بەمجۆرە لەناکاو بەهیچ شوێنێک نەزانم کە بشێ تۆی لێ بیت. لەسەر کەناری ڕووبارەکە لەژێر سێبەری دارێکی زل دانیشتین، کە سێبەرەکەی کەوتبووە سەر زەوی گەرمایەکی بەتین بوو، گەڵا وشکەکانی هەروەک لە پایزدا بن هەڵدەوەرین. گوتت تۆ بۆ خاکێکی دوور سەفەر دەکەی لەوێ لە خۆت دەگەڕێی، داوات لێکردم یاوەریت بکەم، گوتم نا. من لێرە لە دایک بووم، لێرە ژیاوم، لێرەش دەمرم، گوتی کەواتە بەتەنیا بەبێ کەس و هاوڕێ سەفەر دەکەم. بەڵێنت پێ دام و لەناو تۆز و بادا ون بووی، هەر لەوکاتەوە هیچ هەواڵێکتم نەبیستووە تەنانەت نازانم بە کوێ گەیشتی ، لە گەرما و وەرینی گەڵا وشکەکان بێزار بووم، گوتم دەگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵێنم دا و تۆش لەگەڵمابووی توخوا لە کوێ بزر بووی؟. لە ژنە فاڵچییەکم پرسی گوتی (زەوی خوا فراوانە، چارەنووس وایە، بەر لەوەی خۆر ئاوابێ، دەبێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ بکات، ئەو سێ پەڕەکاغەزە بگرە، لە کاتی خۆر ئاوابووندا لەڕۆژی یەکەم یەکێکیان بسووتێنە، دووەمیان لەگەڵ زەردەی خۆری ڕۆژی دووەم بسووتێنە، هەروەها لە ڕۆژی سێیەم بەهەمان شێوە بەمەرجێک لەگەڵ خۆر ئاوابووندا مۆمێکی سپی داگیرسێنی ئەویش خوا یاربێ بەم نزیکانە دێتەوە).

هەموو ئەوانەم جێبەجێ کرد. کە ژنە فاڵچییەکە پێی گوتم، بەڵام بزر بووەکە هەر نەگەڕایەوە ئەگەر چی نائومێد نەبووم، جارێکی دیکە لە هەموو قوژبنێکی ماڵەوە لێی دەگەڕێم. لە گشت ژوورو تارمەکاندا، لەژێر زەمینە کۆنەکە، هەموو ئەو شتانەی لە سەردەمی کۆندا خۆشم دەوێن لەوێ بوون. تۆپە نایلۆنە زەردەکەم کە لە منداڵیم وازیم پێ دەکرد، یارییە بچووکەکانم، قردێلەکانی قژم، کتێبەکانی هەقایەت و گەشت و شەوانە، ئەو کاتژمێرە کۆنەی دیوار لە باوکمەوە بۆم جێ مابوو. هێشتا بەسەر دیوارەوەیە. هەرچەندە میلەکانیشی لە سووڕان کەوتوون، گشت ئەوانەو زۆر شتی دیکەی بچووک لەوێ بوو، چاپەستە مسەکە بە نەخشە سۆمەرییەکەیەوە، دەللەکانی قاوە بە هەرسێ قاچییەوە، هەموویان لە ژێر زەمینەکە بوون، تەنانەت دەنگدانەوەی هەقایەتەکانی داپیرەم لەسەر مرۆڤ و جنۆکە و دڕندە و خشۆکەکان هێشتا لەوێن، خۆشەویستی و شەوق و سۆزێک و پاشماوەی بۆن بخورێکی تەڕم بۆ دێنن، ئاه ئەو ڕۆژانە چەند ناخۆش بوون!

ئاه هەموو شتێک لەوێ بوو، تەنها کلیلی ئۆتۆمبیلەکەم نەبێ کەون بووبوو!!

* فاندال: هۆزێکی ئەڵەمانی بوو، فەرەنسا و ئەسپانیاو باکووری ئەفریقیایان تەی کرد.

لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا ڕۆمایان داگیرکرد. لەبەر دڕندایەتی ئەو هۆزە ناوەکەیان مانایەکی دیاریکراو هەڵدەگرێ واتە وێرانکردنی موڵک و سامانی خەڵکی دیکە!!

* سەرچاوە/گۆڤاری الاقلام ژ (٣) ساڵی ١٩٩٩ ل ٦٠-٦١

# بێ دەنگی و دەنگدانەوە

سەلاحەدین زەنگەنە

لەیەکەم چرکەدا کە پێی نایە عیادەکەم، زانیم ڕووبەڕووی کەسێکی نائاسایی و سەیر بوومەتەوە، سەرەتا وام بەبیردا هات پزیشک بێ و هاتبێ پرسیار لە عیادەیەکی خاڵی بکا بەتایبەتی کە چاویلکەیەکی پزیشکی لەچاو بوو کتێبێکیشی بە دەستەوە بوو، سیمایەکی خەمباری هەبوو، بەڵام ڕێکوپێک دیار بوو، تەمەنی لە دەوری چل ساڵێکدا بوو، لەوپەڕی نیگەرانیدا بوو. بەزەردەخەنەوە پێشوازیم لێ کرد، پرسیم، چ خزمەتێکت پێویستە تا جێبەجێی بکەم، جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی گیرفانی دەرکردو بەترسەوە دایگیرساند هێواش مژی لە جگەرەکەی دەدا، کەوتە ڕاڤەکردنی سەردانە زۆرەکانی پێشووی بۆ



لای پزیشکەکانی وەکو منی پسپۆر لە لووت و گوێ و قوڕگ، بەڵام هیچیان بەفریای نەکەوتوون. ئەمجارە منی هەڵبژاردووە لەبەرئەوەی بەبڕوای خۆی من پزیشکێکی سەرکەوتوو و نەشتەرگەرێکی لێهاتووم، داوای لێ کردم نەشتەرگەرییەکی بۆ بکەم ، تا پەردەی هەردووگوێی بۆ لادەم و لە مەینەتییەکەی ڕزگاری بکەم: مەینەتی لەرینەوە! بەسەر سوڕمانەوە پرسیم: لەرینەوەی چی؟. گوتی: لەرینەوەی دەنگی خەڵکی، لەرینەوەی دووڕوویی! وای دەربڕی کەوا زۆر بێزار و ماندووە، لەبەر ئەو لەرینەوەو ئەو هەراو دەنگە دەنگەی لە دەمارەکانی مێشکیدا بەرپای دەکات. هەروەها بەچڕی باسی تیۆری بێ دەنگی و دەنگدانەوەی بۆ کردم کە چۆن هەرکە بێ دەنگی زیاتر دەبێ، دەنگدانەوە پتر دەبێ، ئەوەی ئەو مەبەستیەتی بێ دەنگییەکی تەواوە، بێ دەنگی، بێ دەنگدانەوە، چونکە هەراو دەنگە تێک چڕژاو و تێکەڵەکان دووچاری سەریەشەی دەکا و دەمارەکانی مێشکی لێک دەپچڕێنێ. ڕێگاشی نەدا هیچ پشکنینێکی بۆ بکەم، یا ڕەوانەی لای پزیشکێکی دەروونی بکەم تا چەند هێورکەرەوەیەکی بۆ بنووسرێ و گوتی من پیاوێکی ئاساییم و مرۆڤێکی ڕۆشنبیرم، هیچ دەردو نەخۆشییەکی دەماری و دەروونیم نییە و شێتیش نیم هەروەک مەزەندەی دەکەی بەڵکو ڕزگار بوون و بەختەوەری لەژێر هەردوو دەستە کارامەکەی مندایە. پێم گوت ئەوەی داوای دەکەی مەحاڵە. چونکە تاوانێکە لەبەرامبەر تۆ و بەرامبەر پیشەکەم و پێم ڕاگەیاند لە دەستدانی بیستن دەبێتە ئەگەری لە دەستدانی قسەکردنیش، گوتی ئەوە هیچ نیگەرانی ناکا، سووریش بوو لەسەر ئەوەی هەموو ناخۆشییەک و ئەرکێک لە ئەستۆ بگرێ، ئەگەر داواکەیم بەجێ هێنا.

چونکە ئەوەی مەبەستیەتی بێ دەنگییەکی تەواوە واتە نایەوێ هیچ وشەیەک ببیستێ لەبەر ئەوەی قیژەی گۆرانی بێژو هاواری فرۆشیارو جنیۆی بازاڕی و پاڕانەوەی سوالکەر و نزای پیرێژن هەراسانیان کردووە. تەنانەت لە خوێندنەوەی هەواڵەکان و ڕیکلامەکان و هۆنراوە بێ تامەکانیش ڕادەکات ، کە هەوڵم دا بەهەموو شێوەیەک ڕازی بکەم ، تا لەو هەرایەی بیستن ڕزگاری بێت، دوا جگەرەی دەستی تووڕ هەڵداو پێی پیا نا و بەتووڕەیی و ناڕەزاییەوە ڕۆیشت، منیش سەرسوڕمان و خەم خواردنم بۆمایەوە. خۆم بە تەنیا بینییەوە، دەنگدانەوەی وشەکان چەشنی زەنگێکی گەورە لە هزرمدا دەزرنگانەوە، تا بووە لەرینەوەیەکی گەورە، کە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبوو. هێدی هێدیش گوێم لە دەنگدانەوەی چەندین دەنگی تێکەڵ و ناڵەی نەخۆش و قیڕەی بێژەرو هاواری فرۆشیار و نزای دایکان و جنێوی بازاڕییەکان و قیژەی گۆرانی بێژو زیکەی وتاربێژان و پڵمە پڵمی شاعیران دەبوو. کە تێکیان دەکردەوەو گوێیان دەسمیم، بەڕادەیەک هەرای ئەو دەنگانە شێواندمیان، هەستەوەرییەکانیان ئیفلیج کردم چەشنی مارانگازێک بەدوای ئەو پیاوە قەڵەوە ڕام دەکرد کە لەناو قەرە باڵغییەکەدا ون بوو تا منیش سکاڵای حاڵی خۆمی بۆ بکەم و لەسەر داخوازییەکەی لەگەڵی ڕێک بکەوم!!!

* سەرچاوە/ گۆڤاری الاقلام ژ (٤) ساڵی ١٩٩٩ل ٧١

# بۆ هەر کاتێ خەون ببێتە هەڵم خەیاڵ بڕیاردەرە

مریەم کافیە

جگەرەکەی داگیرساند، سەرەنجێکی لە کاغەزەکەی بەردەمی دا، لە خێزانەکەی کەوتە پەلەکردن. کەچووبوو قەڵەمی بۆ بێنێ، کارەکەی لەو پەڕی گرنگیدایە و دواکەوتن قەبووڵ ناکات. چونکە دوای کەمتر لە کاتژمێرێک گشت پلیتەکانی گرەوکردنی وەرزش کۆ دەکرێنەوەو لەبەر ئەوە پێویستە بەر لەوەی کاتەکە بەسەر بچێ پلیتەکەی پڕ بکاتەوە بەتایبەتی ئەمڕۆ کە هەفتەیەکی تەواوە بۆ دابینکردنی پارەی پلیتەکە جگەرەی لە خۆی حەرام کردووە. خۆی بە تەرکیزکردن و پەلەنەکردن ڕازی کرد ، دوورنییە بەهۆی هەڵسوکەوتێکی لەم جۆرە سامانێکی گەورە و  ژیانێکی پڕ لە خۆشی لەدەست بدا. زەردەخەنەیەک لە



چرکەی خەوبینین بەسەرکەوتن و گۆڕانی بارو دۆخەکەی کەوتە سەر لێوانی...، کەس لەمەودوا ناتوانی ڕیسوای بکا یا بەڕوویدا بقیژێنێ، تەنانەت بە(سابیر)ی ڕووتی و بێ نازناو بانگی بکات، هەر هەموو بەبەڕێز سابیر بانگی دەکەن، موختاری گەڕەک ئەو پیاوە لاشە زل و ڕوخسار کرێت و زمان شڕە، خاوەن بازاڕگەکە کە سابیر کاری تێدا دەکات، ناچار دەبێت ڕێزی لێ بگرێ و ستایشی بکات. چونکە ئەو لەپێناوی پارەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئامادەیە دەست لە کەرامەتیش هەڵگرێ خاوەن ئەو خانووەی کە ساڵێک لەمەوبەر، لەڕۆژی گواستنەوەی سەعدیەی خێزانی تێیدا نیشتەجێیە، سەعدیەی کچی حاجی مەبروک، ئەو کچەی هەر لە یەکەم چرکەی بینینیدا بوو بەدیلی جوانییەکەی، دوو چاوی هەنگوینی ، قژێکی ڕەش بەهێواشی یاری بەڕوخساری دەکات. دوو لێوی سوور بێگومان تامیان لە هەنگوین شیرینترە، بەژن و باڵایەکی جوان کە دەرکەوتنی جووتە مەمکی و دەرپەڕینی سمتە جوانەکانی تام و چێژێکی زیاتری پێ دەدا . بەتایبەتی لە کاتێکدا کە دەچووە لای و بەخەیاڵ تێر ماچی دەکرد. شێخی گوندەکە خۆی جارێکی دیکە لە دانیشتنی شەوانی دوکانەکەی موختار، لەبەردەم ڕیش سپیانی گوند دەری ناکات. بەڵکو لەبەری ڕادەکات و لەقسەکانی دەترسێ و لێی دەپاڕێتەوە لەگەڵیان دابنیشێ... بەڕێز سابیر بەخوا ئەمشەو ڕێگە نادەم بڕۆی،  پیاوەکە چیتە دیارە ئێمە شایانی ئەوەنین لامان بمێنیتەوە؟ وا مەڵێ ئێمە هەر چەندە گەورەبین جەنابت لەئێمە گەورە تری، بەڵام بمبوورە ئەمشەو بەتایبەتی، وادەیەکی گرینگم هەیە. ئەو کاتە چەندین بیانوو دێنێتەوە، هەر چەند جارێکیش لە دانیشتنەکان دوور کەوێتەوە. واهەست دەکات بەسەر فەرمانەکانی شێخ زاڵ بووەو تەنانەت جارێکیش ڕێزی

نەگرتووە. هەموو جارێک ئەمە دەکا تا ڕێزی لای گەورە و بچووک کەم بکاتەوە. شێخ چەندین جار ڕیسوای کردووەو لێی داوە و تەنانەت ئەو زەردەخەنەشی لێ سەندووە کە خۆی وا بەهەڵە دەبا هەر بەتەنیا هی خۆیەتی. سابیر بەدەنگی خێزانەکەی هۆشار بۆوە کە لە تەنیشتیەوە بانگی دەکردو خەریک بوو قۆپچەی چاکەتەکەی دەدووریەوە... خۆت ئامادە ناکەی؟؟ یا وادەی سەردانی خزمەکانت بیر چۆتەوە؟ دەشزانی ئەمڕۆ شەممەیە زۆر بەزەحمەت پاسمان دەستدەکەوێ و بەکاتی جاران ناگەینە ئەوێ، کاتژمێرێک یا زۆرترمان پێ دەچێت، سەری لەسەر کاغەزەکە بەرزکردەوە، ڕووی لە خێزانەکەی کرد، بینی بەقەشەنگ ترین جلوبەرگی جیهانی ڕازاوەتەوە، هەموو شتێکی جێگای سەر سووڕمان بوو، شێوەی قژ داهێنانی ، ئەو بۆنە بیانییەی لەخۆی دابوو، ئەو پارچە ئەڵماسەی بە پشتێنیەوە بوو، لێی نزیک کەوتەوە هەردوو دەستی لەناو قەدی وەرێناو ماچی کرد، بەزۆر لە خۆکردن دوور کەوتەوە، چونکە زۆر ئەستەمە کاتێک ئەو لەبەر دەمیدایە، بەسەر ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ بێ. ئەگەر کارەکە بەدەست خۆی بووایە هەموو چرکەیەک خۆشی دەویست و گشت شەوێکیش لەگەڵی دەنووست، بەڵام گرینگ نییە مادامەکێ ئەو تاکە پیاویەتی و ئەم بەهەموو مێیاتیەکیەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە. چیتر لەبەرامبەر جوانییەکەی دۆش دانامێنێ، بەتایبەتی ئەمجارە کە خۆیان بۆ سەردانی خزمەکانی ئامادە دەکەن ئەمەش یەکەمین جارە دوای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانیدا هات، ئەوەتا خانوویەکی گەورەو فراوانی هەیە کەلوپەلێکی زۆر و جوانی تێدایە، باخچەیەکی دڵگیر دەوری داوە و ئۆتۆمبیلەکەی جۆری مارسیدسێکی سپی پان و پۆڕە. ناوەوەی بەپەردەی ئاوریشم داپۆشراوە، ڕیکۆردەرو تەلەفۆنی تێدایە،



بەڵام گەورەترین سامان خۆشەویستی خەڵک و ڕێز گرتنیانە، سەرجەم دانیشتوانی گوند هەزار و یەک حیسابی بۆ دەکەن لە هاتن و چووندا سەلامی لێ دەکەن، بازرگانەکان بۆ وەدەستهێنانی متمانەی ئەو کێبڕکێیانە، شێخی گوند و ئەفسەری پۆلیس خۆیانی لێ نزیک دەکەنەوە، ئای لەو خوایەی کە بارودۆخ دەگۆڕێ، هەفتەی ڕابردوو یەکێک بوو لەوانەی کە هیچ ناهێنن، ئەمڕۆش بووەتە بەڕێز سابیر و خۆی بووەتە هەموو شتێک، پاش ئەوەی دواوەی ئۆتۆمبیلەکەی بە شتی خۆش و بەتام پڕکرد. سەرکەوت لە تەکیدا دانیشت بێدەنگییەکە زۆری نەخایاند و دەرگای گفتوگۆی کردەوە گوتی: هەموو ئەوانەی دەتبینن ئێرەییان پێت دێ، بەتایبەتی ژنانی گەڕەک، ئەوانە لەبەر جوانییەکەت قینیان لێ هەڵدەگرتی، ئەمڕۆش شۆخترین و دەوڵەمەندترینیانی، دایکم، زۆر باش دەزانم بەخۆشییەکەمان دڵشادە، وە خۆی بۆ ئەو ڕابواردن و شادییەی ئێمە ئامادە دەکات بەپیرۆزبایی لێکردن پێشوازیمان لێ دەکات، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس دەمێنێ منیش تێر لەباوەشی دەگرم و پارەیەکی زۆری پێ دەدەم و پێی ڕادەگەیەنم دەبێ خۆی ساز بکاو لەگەڵ ئێمەدا سەفەر بکا، با خانووەکەی بۆ برا هەژارەکەم و خێزانەکەی بێت، ئەو گەمژەیە مێشکی براکەمی بۆگەن کردووەو داوای لێ دەکا دەستبەرداری دایکم بێ و دەڵێ: ئەوە بوو بەچەند مانگ، خزمەتکردنی دایکت ماندووی کردووم. ئەرێ شەرم ناکا!؟ بڕوا و بەجێمان بێڵێ؟!. ئای لە تۆ ژنەکە خانووەکە خانووی خۆیەتی! بەنازەوە قسەکەی پێ دەبڕێ و لێی نزیک دەکەوێتەوە لەشی لە لەشی دەخشێنێ و دەڵێ: من پێچەوانەی ئەوەم نەگوتوە. بەڵام ئازیزەکەم من مەبەستم ئەوەیە بەتەنیا لەگەڵ تۆدا بژیم تەنیا بۆ ڕۆژێکیش بێت!!. لەم حاڵەتەدا دەتوانی بەبیروڕاکانی براکەم

ڕازی بکاو حیکایەت و چیرۆکی وا هەڵدەبەستێ تا دایکم ناچار بکات. سەردانی خوشکەکانم بکا و لایان بمێنێتەوە.

ئایا ڕازیت لە ماڵەکەی خۆی بەڕیسوایی بژیت؟

+ بێگومان نەخێر، دەزانم تۆ ڕەسەنی بەمە ڕازی نابیت، بەڵکو بیرۆکەی هێنانی دایکمت بەدڵە، تا لای خۆمان بمێنێتەوە، هەرچەندە دانت بەخۆشەویستی دایکم نا. ئەویش سۆز و خۆشەویستی دایکت زیاتر بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو خۆشەویستی بۆ تۆ لە خۆشەویستی خوشکەکانم زیاتر دەبێت، ڕازیکردنی دایک و باوک ڕازیکردنی خودایە خوداش بەرەکەت دەخاتە ناو ماڵی نەوەکانمان و شادییەکەمان زیاتر دەبێت و دەبینە گەورەی خۆمان و کەس ناتوانێت ڕیسوایی و شەرمەزاریمان بۆ بێنێ. بێگومان دەبێتە جێ قسەی گوند و ڕا و بۆچوونە کراوەکان سەبارەت بەئێمە پتر دەبن و لەوانەشە ئێمە بە جیاوازی ڕیزەکانی بیرکردنەوە لەوان جیابین... بەڕاستی پیاوێکی مەردە، سەیرکە چۆن پارە و پوول فریوی نەدا و دایکی لە بیر نەکرد، خوا بەرەکەت بخاتە ناو ماڵ و خێزانەکەی، ئەو تەنها بەختی یار بووە، ڕۆژێک دادێ درەنگ یا زوو هەموو شتێک دەدۆڕێنێ، ئەو سامانەی بەبێ ئاگادار کردنەوەیەکی پێش وەخت دێت، زۆرنابات بەبێ وریاکردنەوەش دەڕوات. ژیان و کردەوەکانی حەرامەو گرەو کردنیش لە گوناهە گەورەکانە!!

+ سابیر... چیتە پیاوەکە ئەوە سێیەم جارە بانگت دەکەم وەڵام نادەیتەوە، نەخۆشی؟ جێگەیەکت دێشێ؟؟

سابیر بە دەنگی خێزانەکەی بەپەشۆکاوی ڕاپەڕی، سەرنجی لە کاتژمێرەکەی سەر دیوار دا زانی هەموو شتێکی لە دەست داوە هیچی بۆ نەمایەوە تەنها خەون نەبێ!!

* سەرچاوە/ ڕۆژنامەی الزمان ژ ٢٨٧ لە ١٩٩٩/٤/٢



## پێڕست

چاوەڕوانی– بەدیعە ئەمین. .......... 7
یەکەم مردن– کازم حەسونی. .......... 17
فۆبیا– جەلیل ئەلقەیسی. .......... 23
کاروانی ئەسکەندەر– کلشان بەیاتی. .......... 37
سەر و جانتا– عەدنان ئەحمەد ئەلروبێعی. .......... 49
چاوەڕوانی چاوەکان ماندوو دەکات– مەهدی عیسا ئەلسەقەر. .......... 61
خەمێکی دواکەوتوو– حەسەبەڵڵا یەحیا. .......... 69
کلیلی زێڕین– گولیزار ئەنوەر. .......... 77
میوانی شەو– ناتق خەڵوسی. .......... 85
وەرزی زاوزێ کردن – عەبدولباقی شەمسان. .......... 101
لە بارەی ئەوەی ون بووو نەگەڕایەوە – بەدیعە ئەمین. .......... 107
بێ دەنگی و دەنگدانەوە – سەلاحەدین زەنگەنە. .......... 115
بۆ هەر کاتێ خەون ببێتە هەڵم خەیاڵ بڕیاردەرە – مریەم کافیە. .......... 121